گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

٤٧٤

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٧٤ – خەرمانانی – ئاگۆستی ٢٠٢٥


## سەروتار

### بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بەبۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ سالڕۆژی هێرشی نیزامی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆسەر کوردستان

٢٨ی گەلاوێژ، سالڕۆژی هێرشی نیزامی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆسەر کوردستانە. چل و شەش ساڵ لەمەوبەر لە وەها ڕۆژێکدا، خومەینی فەرمانی جیهادی لە دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و لەشکرەکانی جەهل و کۆنەپەرستی بۆ سەرکوتی کۆمەڵانی خەباتکار و شۆڕشگێڕی کوردستان بەڕێ کرد. رژیمێک کە بڕیاری دابوو گڕوتینی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێران دامرکێنێتەوە و کاری سەرکوتی شۆڕش کە ڕژیمی شا دەستی پێکردبوو بە سەرئەنجام بگەیەنێ، نەیدەتوانی کوردستانی شۆڕشگێڕ و کەشوهەوای خەباتکارانەی تەحەمول بکات. بەڵام خەڵکی کوردستان، لە پێشیانەوە کۆمەڵە و کۆمۆنیستەکانی دیکە، بڕیاریان دابوو کە لە ئازادی و لە دەسکەوتی خەباتێک کە بەهێزی خۆیان بە دەستیان هێنابوو دیفاع بکەن. خەڵکی کوردستان لە هەمان کاتدا داخوازییەکانی خۆیان لە دەوڵەتی ناوەندی لەڕێگەی بڕیارنامە ٨ ماددەییەکان لە مهاباد و سنە کە بە پەسەندی نوێنەرانی خەڵک گەیشتبوو بە دەوڵەت تەحویل دابوو. بەڵام ئەوەی کە حکوومەتی ئیسلامی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو دەیهەویست دامرکاندنەوەی شوور و شەوقی خەڵک و سەرکوتی ئینقلاب بوو.

کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجێکدا کە هێرش بۆسەر شۆڕش و بۆسەر بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری لەئاستی سەرتاسەریدا دەستپێکردبوو و فشاری بۆسەر زانکۆکان پەرەپێدابوو و توانیبووی کومیتەکان و سپا سەر و سامان بداتەوە، لەوە زیاتر نەیدەتوانی شاهیدی گەشە و پەرەسەندنی کەش و هەوای شۆڕشگێڕانە لە کوردستان بێت و دەیهەویست بە هەر جۆرێک بووە ئەم سەنگەری دیفاع لە ئازادی و ئینقلابە تێکبشکێنێت. لەم ڕووەوە، دژەشۆڕشی ئیسلامی لە هێرش بۆسەر کوردستان لە هیچ دڕندەیی و وەحشیگەرییەک دەستی نەپاراست. تاوانی سامناکی وەک ئێعدامی منداڵان لە پاوە، ئێعدامی ١٧ کەس لە سەقز، لاوانی تێکۆشەر لە پادگانی مەریوان و لاوانی شۆڕشگێڕ لە فڕۆکەخانەی سنە بەدەستی خەڵخاڵی جەلاد و کۆمەڵکوژی «قارنێ و قەڵاتان و ئیندرقاش»، هەزینەی موقاومەت و خۆڕاگری بۆ خەڵکی کوردستان یەکجار




## بڕیارنامەی کۆنگرەی نۆزدەی کۆمەڵە

### لەدژی جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە



## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

### لەدژی حوکمی ئێعدامی شەریفە محەممەدی، چالاکی کرێکاری



## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

### بۆ مەحکووم کردنی فشار، هەڕەشە و دەرکردنی مامۆستایانی تێکۆشەری کوردستان

## ڕاگەیاندنی بەڕێوەچوونی پلێنۆمی یەکەمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٩

## داماویی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتیدا؛ "شەڕەنگێزی بەسە – سفرەمان بەتاڵە"

## ئاسۆی تێپەڕین لە ستراتیژی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە سەروبەندی ساڵیادی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینادا

## بەیادی گیانبەختکردووانی کۆمۆنیست لە قەتڵوعامی خەرمانانی ٦٧ «تۆبەکردن یان مردن لەژێر شەللاقدا»

قورس کرد. بەڵام خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان سەرەڕای ئەم جنایاتە خۆفناکە، بۆ پاراستنی دەستکەوتنەکانیان لە سەنگەری دیفاع لە ئازادی و شۆڕشدا بوێرانە خەباتیان کرد و هیچ کات لە بەرامبەر دوژمن سەری تەسلیمیان دانەنواند. ٢٨ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی تۆمارکردنی ئەم مێژوویە و ساڵڕۆژی ڕێزگرتن لە خەبات و خۆڕاگری و فیداکاری ئەو لاو و ژن و پیاوە ئازادیخوازانەیە کە ئەم مێژوویەیان خوڵقاند

لەشکرکێشی ڕژیمی ئیسلامی بۆسەر کوردستان کە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ موقاوەمەت و خۆڕاگری خەڵکی کوردستان بەرەوڕوو بووەوە، لە درێژەدا بە پەرەسەندنی عەمەلیاتی غافڵگیرانەی هێزی پێشمەرگە لەلایەکەوە و ئیعترازاتی ڕۆژانەی جەماوەر لەسەر شەقام لە لایەکی دیکەوە، تێکشکا و ڕژیمی ناچار بە پاشەکشە و ئاگربەست و هاتنە پای مێزی وتووێژ کرد. گەڕانەوەی سەرلەنوی پێشمەرگەکانی سازمانە سیاسییەکان بۆ شارەکان و پێشوازی شکۆداری خەڵک لێیان و پەرە سەندنی هەڵسووڕانی سیاسی و شکڵ گرتنی شۆراکان و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان و دەسەڵاتی خەڵک بە سەر چارەنووسی خۆیاندا، بە کردەوە شکستی هێرشی دڕندانەی ڕژیمی لە ٢٨ گەلاوێژی ساڵی ٥٨دا ڕاگەیاند و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان پێی نایە قۆناغێکی تازە لە موقاوەمەت و موبارزە

دوای ئەوەیکە لەئاکامی سێ مانگ خۆڕاگری چەکدارانەی حماسی هێزی پێشمەرگە و بزووتنەوە جەماوەرییەکان لە شارەکان، سەرەنجام ڕژیمی ئیسلامی پاشەکشەی کرد، خەڵکی کوردستان بەتایبەت لاوان بە داهێنانی خۆیان شێوەکانی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتییەکان بەکارهێنا و کۆمەڵگایان بەشێوەی دیموکراتیک ئیدارە کرد. بەڵام ڕوون بوو کە هاوسەنگی هێزی ناوخۆیی بۆ بەرەوپێشبردنی بەرنامەی دەسەڵاتی جەماوەری خەڵک لە کوردستان، لە هەموو شوێنێک یەکسان نەبوو. سەرەڕای ئەو جیاوازییانەی لێرە و لەوێ هەبوو، سەرەڕای سنوورداربوونی کات، خەڵکی کوردستان بۆ یەکەم جار دەسەڵاتداریەتی لە خوارەوە، دەسەڵاتداریەتی شۆراییان ئەزموون کرد. تامی ئازادی بێ شەرت و مەرجی سیاسییان چێشت. پاشماوەکانی نیزامی فێئودالییان ڕاماڵی. زەوی بووە هی ئەو کەسەی کە کاری لەسەر دەکرد. ژنان لە ڕادەیەکی بەریندا هاتنە مەیدانی هەڵسووڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە. فێرکردن و بارهێنانێکی پێشکەوتووخوازنە چەکەرەی کرد. بۆ یەکەمین جار ئیتر خەڵک خۆیان لە ژێر باری ستەم و هەڵاواردنی نەتەوییدا نەدەدیت. خۆڕاگرییەک کە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێرشی رژیم بۆ سەر کوردستان پێک هات لە واقعدا دیفاع لە دەسکەوتەکانیان بوو. بەڵام مەترسی هێرشی دووبارەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و جەنگی بوونی فەزای کوردستان بە ناچار موقاوەمەتی چەکداری خستە سەرووی هەموو جۆرەکانی خەبات و خۆڕاگرییەوە و دەرفەتی پێویست بۆ قووڵبوونەوە و پەرەئەستاندنی دەستکەوتەکان پێک نەهات

کۆماری ئیسلامی کە هەر لە سەرەتاوە لە وتووێژێکی واقعی لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان خۆی دەبوارد و بە مانۆڕی فریوکارانە خەریکی کڕینی کات بۆ خۆی بوو، سەرەنجام لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٩دا جارێکی دیکە هێزەکانی خۆی لە چەند جەبهەوە لە سنوورەکانی کوردستان نزیک کردەوە و هێرشی خۆی لە کامیارانەوە دەست پێکرد و لە دەروازەکانی شاری سنە نزیک بووەوە. موقاوەمەتێکی قارەمانانەی ٢٤ ڕۆژە لە شاری سنە لەژێر ئاگربارانی چەکی قورسدا بەڕێوەچوو و ئەم موقاوەمەتە لە باقی شار و گوندەکانی کوردستانیشدا سەنگەر بە سەنگەر لەئارادابوو. ڕژیم نەیتوانی هیچ سەنگەرێک بە بێ تێپەڕین لە خۆڕاگری ئازایانەی خەڵک بە دەست بێنێ. ئەگەرچی ڕژیم توانی لە ڕووی نیزامییەوە زاڵ بێت بەڵام هیچ کات و هەتا ئیستایشی لەگەڵ بێ نەیتوانیوە خەڵکی کوردستان ناچار بە تەسلیم بکات. خەڵکی کوردستان بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خۆیان لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا درێژە پێداوە و کوردستانی شۆڕشگێر هەروا چەقڵی چاوی رژیمی ئیسلامییە

ئێستا لە چل و شەشەمین ساڵڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژدا و لە سەروبەندی سێهەمین ساڵڕۆژی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی



ژینادا، کوردستان بەرەو تاقیکرانەوەیەکی مێژوویی دیکە هەنگاو دەنێت. بارودۆخی سیاسی ئێران و کوردستان بەخێرایی لە حاڵی ئاڵوگۆڕدایە. حاڵەتی نە شەڕ، نە ئاشتی، نە گفتوگۆ، لاوازە و ناتوانێ دەوامی بێت. ڕەوتی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی لەمێژە دەستیپێکردووە و پایەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە بەر چاوی خەڵک یەک لەدوای یەک دەڕووخێن. بابەتێکی گرینگ لەو ڕەوتەدا قەیرانی مەشرووعییەتە. ڕژیمی ئیسلامی دەمێکە مەشرووعییەتی لای خەڵکی ئێران لەدەستداوە. سێ ئاخێزی جەماوەری لەماوەی حەوت ساڵی ڕابردوو کە هاوسۆزی و هاودڵی جەماوەری ملیۆنی ئێرانی لەپشت بوو، وە شکستی سەرشۆڕانەی حکوومەتی ئیسلامی لە شانۆکانی ئینتخابات کە خۆی هەموو قۆناغەکانی موهەندسی کردبوو، قووڵایی ئەم قەیرانی مەشرووعییەتە نیشان دەدات. لەلایەکی دیکەوە فڕێدانی حیجابی ئیسلامی لەلایەن ژنانی ئازادیخواز و ژێر پێ خستنی یاسای ئیسلامی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، نە تەنیا هێرشێکی سیاسییە، بەڵکوو یەکێک لە پایەکانی دەسەڵاتی نیزامی ئیسلامی تێکشکاندووە. شکستی سیاسەتی «شەڕی پێشگیرانە» و لێکبڵاوبوونی هێزەکانی «میحوەری موقاوەمەت»، یەکێک لە پایەکانی ستراتێژی مانەوەی ڕژیمی وێران کردووە. قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و پرتووکاوی و وێرانی ژێرخانەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی ئێنێرژی و قەیرانی ژینگە، لەئێستادا خۆی لە قەیرانی قووڵی ئێنێرژی و هاتنەخواری زیاتر بەهای ڕیاڵ و تەوەرۆم و گرانی بەرین و بێتوانایی ڕژیم لە دابین کردنی نان و ئاو، بەرق و هەوای پاکی نیشان داوە. شەڕی دوازدە ڕۆژە و ئاشکرا بوونی نفووزی سازمانی ئەمنیەتی و جاسووسی موساد لە باڵاترین ئاستی حکوومەتی ئیسلامی و بێتوانایی سیستمی بەرگری مووشەکی سپای پاسدران لە بەرامبەر هێرشی هێزی ئاسمانی ئەرتەشی ئیسرائیل، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تەنانت لەناو ڕیزەکانی خۆشیدا بێ ئێعتبار کردووە و ململانێ و کێشمەکێشی باڵەکان و قەیرانی حکوومەتی قووڵتر کردووەتەوە. بەپێچەوانەی هەڵێت و پلێتەکانی سەرانی ڕژیم، شەڕی دوازدە ڕۆژە قەیرانەکانی حکوومەتی ئیسلامی قووڵتر کردووەتەوە، نەفرەت و بێزاری جەماوەری لە دەسەڵات پەرەپێداوە و هێزی هاوپشتی لەناویاندا پتەوتر و قایمتر کردووەتەوە

کۆماری ئیسلامی بەهۆی بەرینایی ئەم قەیرانە ئابوورییە و بەهۆی سرووشتی چینایەتی سیاسەت و ئەولەوییەتەکانی، ناتوانێ وڵامی داخوازی بەپەلەی چینی کرێکار، خانەنشینان و پەرستاران و خەڵکی زەحمەتکێشی کۆمەڵگا بداتەوە. ئەم واقعییەتە و گۆڕانی هاوسەنگی هێز بەزیانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی دیکەی کۆمەڵگا بە هێزێکی زیاترەوە دێنێتە مەیدانی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی. لەم ڕووبەڕوو بوونەوەیەدا، بابەتی ڕێکخستن و شکڵدان بە ڕێبەری سەرتاسەری ڕۆڵێکی چارەنووسساز لەم خەباتەدا دەبینێت. لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا مانگرتنی شکۆداری کرێکاری لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان، مانگرتن و ناڕەزایەتی سەرتاسەری موعەلیمان و پەرستاران، مانگرتنی سەرتاسەری شۆفیرانی کامیۆن و کامیۆنداران، ناڕەزایەتی سەرتاسەری خانەنشینان، کەمپەینی شکۆمەندی نا بۆ ئێعدام لە ناو زیندانەکان و هیتر، نیشانیان دا کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان سەرەڕای سەرکوتی پۆلیسی و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی، لە بواری ڕێکخستنەوە پێشڕەوییان کردووە. هاوکات، بوونی توێژێکی بەرین لە چالاکان و ڕێبەرانی ڕادیکاڵی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، کە لە جەریانی سازماندانی ئیعترازات و مانگرتنەکاندا هاتوونە مەیدان، ماتریالی ئینسانی شکڵدان بە ڕێبەرییەکی سەرتاسەرییان فەراهەم کردووە

لە بارودۆخێکدا کە ڕەوتی ڕوو لە گەشەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان و بەهێزبوونی سازماندانیان لە ئاستی سەرتاسەریدا درێژەی هەیە، وە لە کاتێکدا کە خەڵکی کوردستان لە جەریانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادی لە هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی سەرتاسەریدا نیشانیان دا کە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و وەدیهاتنی خواستەکانیان لەم ڕێگایەوە تەعقیب دەکەن، ئەحزابی ناسیۆنالیست لە کوردستان بەئاشکرا لە هەوڵی ئەوە دان کە خەڵکی کوردستان بە لاڕێدا بەرن. حیزب و سازمانە ناسیۆنالیست و ئیسلامییەکان کە دەمێکە هەوڵیان بۆ چوونە ژێر چەترێکی سیاسی واحد دەستپێکردووە، هەر کامیان بەشوێن سیاسەتی ستراتێژیکی خۆیانەوەن. هێندێک لەو حیزب و لایەنانە بە بێ سەرەنجدان بەوەیکە دەستوەردانی دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکان لە ئەفغانستان، عێراق، لیبی، سووریە و غەززە چ ئاستێک لە کوشتار و وێرانی و ئاوارەیی لێکەوتووەتەوە، هاوئاراستە لەگەڵ سەڵتەنەتخوازەکان و ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستی توندڕەو چاویان لە دەخاڵەت و فشاری زۆرینەی ترامپ و نەتانیاهۆ بڕیوە تا ڕژیمی کۆماری ئیسلامییان بۆ بڕووخێنێ و ئاشتی و ئازادی و سەقامگیرییان بۆ بەدیاری بێنێت. هەندێکی

تر لە هەمان کاتدا کە گۆشە نیگایەکیان بەرەو ئەمریکایە، بەڵام هاوکات تەپڵی دیالۆگ و دانوستان لەگەڵ ڕژیمیش دەکوتن و ئەم خۆشباوەڕییە پەرەپێدەدەن کە گۆیا مەسەلەی کوردستان لەڕێگای دیالۆگ لەگەڵ کۆماری ئیسلامییەوە چارەسەر دەکرێت. هەندێکیان وەک لقی کوردستانی سازمانی موجاهدینی خەلق هەڵسووکەوت دەکەن و خەیاڵی کۆماری ئیسلامی دیموکراتیک بەپێی شەرعی ئیسلامیان لەسەردایە. هەندێکی دیکەش کە تووشی سەرلێشێواوی ستراتێژیک بوون، وەشوێن ئەم قافڵەیە کەوتوون. ئەم حیزب و ڕێکخراوە ناسیۆنالیستییانە ئەگەر بەسەر دژایەتییەکانیاندا زاڵ بن و لەژێر هەر ناوێکدا ئەم چەتر یان بەرەیە پێکبێنن، لە ڕاستیدا بەردی بناغەی دەسەڵاتداریەتی سیاسی حیزبەکانی کوردستانیان لە پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی داناوە. نەخشەڕێگای ئەم حیزبانە ئامادەکاری بۆ دەسەڵاتداریەتی ئەحزاب لە "دەورەی گوزار" یان دەورەی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە

بەڵام جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان زەرفییەت و پۆتانسیەلی ئەوەی هەیە کە لە ستراتێژی سیاسی، ڕێکارەکان و لەڕاستیدا بێڕاهەی ئەحزاب و ڕێکخراوە ناسیۆنالیست و ئیسلامییەکان تێپەڕێت و لە هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕەکان لە سەرتاسەری ئێران بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی، بەرپاکردنی دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵکی لە کوردستان، وەدیهاتنی مافی دیاریکردنی چارەنووس و کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی و دابینکردنی مافە سەرەتاییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان سەرکەوتووانە هەنگاو هەڵگرێت.

لەم ڕووەوە، کۆمەڵە لە چل و شەشەمینساڵڕۆژی دەستپێکی شەڕی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دژبە خەڵکی کوردستان و لە سەروبەندی سێهەمین ساڵڕۆژی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادیدا، هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشان، لاوان، ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی کوردستان، ناوەندەکان و چالاکانی بوارە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ یەکگرتن لە دەوری بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان بانگهێشت دەکات

بەپێچەوانەی ئەو هێزانە کە بە دەخاڵەتی دەسەڵاتە سەرمایەدارییەکان ئومێدیان بەستووە، لەئێستادا ئاڵقەی سەرەکی لە خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، گەشە و پەرەپێدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان لەدژی گرانی و هەژاری و فەلاکەتی ئابووری، کەمبوونی ئاو و بەرق، لەدژی سیاسەتی شەڕەنگێزانە و ئەتۆمی و لەدژی ئەو مەحروومییەتانەیە کە ڕژیم بەسەر خەڵکیدا سەپاندووە و کۆمەک کردن بە سازماندانی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ئیعترازییانەیە

تەنیا بە پەرەپێدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان، بە پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە شوێنی کار و ژیانی کرێکاران، بە پێکهێنانی کۆمیتە و ناوەندە جەماوەرییەکان لە دێهاتەکان لە گەڕەکەکانی شارەکان، بە پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی ژنان لە گەڕەکەکان و ... دەتوانین هەر جۆرە بۆشاییەک لە مودیرییەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، کە لە ئاکامی لاوازبوونی دەوڵەتی مەرکەزیدا پێکهاتووە، بە مودیرییەتی ناوەندە ڕاستەقینەکانی جەماوەر پڕ بکەینەوە

تەنیا بە پێکهێنانی ئەم ڕێکخراو و ناوەندە جەماوەرییانەیە کە لەگەڵ هاتنی یەکەمین شنەی شۆڕش و باشتربوونی هاوسەنگی هێز، کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان دەتوانن لە خوارەوە و لەڕێگەی ئەم ناوەندانەوە ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بەشێوەی ڕاستەوخۆ بگرنە دەست.

کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان تەنیا بە خۆڕێکخستن لە شۆراکان، کۆمیتەکان و باقی ناوەندەکانی دەسەڵاتی جەماوەرییە کە دەتوانن لەگەڵ لێکهەڵوەشانی هێزە چەکدارەکانی ڕژیم لە کوردستان، لەئاستی جەماوەریدا چەکدار بن و بە هێزی چەکداری خۆیان لە دەسەڵات و دەستکەوتەکانیان پارێزگاری بکەن

جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ستەملێکراوی کوردستان تەنیا بە سازماندران لە شۆراکان و باقی ناوەندەکانی دەسەڵاتی جەماوەرییە کە دەتوانن بۆ وڵامدانەوە بە پێداویستییە دەسبەجێ ئابوورییەکانی خەڵک، بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ نەهامەتی ئابووری نەخشە دابڕێژن، ئازادی بێ شەرت و مەرجی سیاسی، هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام، بەرابەری تەواوی مافەکانی ژن و پیاو، جیایی دین لە دەوڵەت و پەروەردە ڕاگەیەنن، تەفرەقەنانەوەی میللی و مەزهەبی پووچەڵ بکەنەوە و بەرنامەی دەسەڵاتداریەتی شۆرایی جەماوەری بۆ ڕیشەکێش کردنی ستەمی نەتەوایەتی ڕاگەیەنن

شۆراکان و باقی ناوەندەکانی دەسەڵاتداریەتی خەڵک لە کوردستان دەتوانن بە پشت بەستن بە بەشداریی خەڵک لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگا لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپ و حیزبە چەکدارەکان ڕێگری بکەن و ناکۆکییەکان لەڕێگەی خەباتی سیاسی و بەشێوەی شارستانییانە مسۆگەر بکەن

کۆمەڵە وەک بەستێنی سەرەکی بزووتنەوەی سوسیالیستی لە کوردستان بە هاوکاری لەگەڵ باقی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە شۆرای هاوکاری و لە پەیوەند لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە سەرتاسەری ئێران، لێبڕاوانە هەوڵ دەدات کۆمەڵگای کوردستان لە ڕێگا سەخت و دژوارەکان سەرکەوتووانە تێپەڕێنێ

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان**

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**

**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٢٤ی گەلاوێژی ١٤٠٤ی هەتاوی

١٥ی ئاگۆستی ٢٠٢٥ی زایینی

❊❊❊

## بڕیارنامەی کۆنگرەی نۆزدەی کۆمەڵە

# لەدژی جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە، لەدژی کۆچی زۆرەملێ و داگیرکاری و بۆ هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین

کۆنگرەی نۆزدەی کۆمەڵە لە بارودۆخێکدا بەڕێوەدەچێت کە نزیکەی ٢٢ مانگ لە قۆناغی نوێی جینۆسایدی دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین لە غەززە تێدەپەڕێت. لەماوەی ٢٢ مانگی ڕابردوودا ئەرتەشی ئیسرائیل سەدان هەزار بۆمب و مووشەکی بەسەر غەززەدا بەرداوەتەوە، خەڵکی برسی لە ناو ڕیزەکانی وەرگرتنی خۆراکدا وەبەر گوللە داوە و زیاتر لە ٦٠ هەزار کەسی کوشتووە، پتر لە ١٣٠ هەزار کەسی بریندار کردووە و ماڵ، نەخۆشخانە، خوێندنگا، ئەنبارەکانی دانەوێڵە، چاڵەکانی ئاو و هەموو ژێرخانە ئابووری، فەرهەنگی و خزمەتگوزارییەکانی لەم کەرتە وێران کردووە، هەموو دانیشتووانی ئاوارە کردووە و غەززەی کردووەتە وێرانەیەک کە ئیتر بۆ ژیان نابێت. دەوڵەتی ئیسرائیل تەنانەت لە قۆناغی کورتی ئاگربەستدا، کاتێک کە بوردومان ڕاگیرابوو، بە سەپاندنی قاتی و برسیەتی، گەلێک دیمەنی دڵتەزێنی لە جینۆساید و مەرگی منداڵانی غەززە بەدنیا نیشاندا. ئەم شەپۆلە نوێیە لە تاوانی شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی غەززە لەدوای هێرشی تیرۆریستی ڕێکخراوی حەماس لە حەوتی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ بۆسەر بنکە نیزامییەکانی ئیسرائیل و خەڵکی سڤیل لە چەندین ناوچە، کە بەهۆیەوە سەدان کەس لە خەڵکی ئیسرائیل بەشێوەیەکی کارەساتبار کوژران و بەدیلگیران، دەستیپێکرد. بەڵام شەڕ و داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین مێژوویەکی خوێناوی و پتر لە حەفتا ساڵەی هەیە. دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل زیاتر لە ٧٠ ساڵە بە پشتیوانی دارایی و چەکی دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانانی دیکەی لە ئورووپا، بە شەڕەنگێزی و میلیتاریزم، بە کوشتن و ڕفاندن و دروستکردنی شاروچکە لە وڵاتی فەلەستیندا، بەردەوام و بێ پسانەوە سیاسەتی داگیرکەرانەی خۆی بەرەوپێش بردووە

دەوڵەتانی ئەمریکا، بریتانیا، کانەدا، فەڕانسە، ئاڵمان و ئیتالیا و ... لەماوەی ٢٢ مانگی ڕابردوودا بە پشتیوانی بێ شەرت و مەرجیان لە دەوڵەتی ئیسرائیل لەژێرناوی بەڕەسمی ناسینی مافی بەرگری بۆ ئیسرائیل، لەم جینایەتە جەنگییە و لە کۆمەڵکوژی غەززەدا شەریک بوون. دەوڵەتی ئیسرائیل لەژێر سێبەری پشتیوانی بێ دریغی ئەمریکادا توانی لە میانەی شەڕدا، ستراتێژی شەڕەکەی دووبارە پێناسە بکاتەوە و بۆ پێکهێنانی نەزمی دڵخوازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەوڵ بدات. داگیرکردنی تەواوی غەززە و کۆچ پێکردن بە زیاتر لە دوو ملیۆن کەس لە خەڵکی فەلەستین لە وڵات و زادگای خۆیان، سیاسەتێکە کە ترامپ و نەتانیاهۆ لە ستراتێژی نوێی

شەڕدا گرتوویانەتە بەر. ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ناتۆ و میدیاکانی سەر بەوان، بە سڕینەوە و نادیدە گرتنی بەستێنە مێژووییەکانی شەڕ و داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین، هێرشی حەماس لە حەوتی ئۆکتۆبردا بە هۆکاری سەرەکی ئەم شەڕ و قەیرانە پێناسە دەکەن و بە بیانووی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مەترسی حەماس دەستی دەوڵەتی ئیسرائیلیان بۆ ئەم نەسلکوژییە ئاشکرایە ئاواڵە هێشتووەتەوە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیل لەماوەی ئەم ساڵانەدا هەموو یاساکانی "شەڕی شارستانیانەی جیهانی ئازادی سەرمایەداری" و هەموو بڕیارنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی سەبارەت بە پێکهێنانی دەوڵەتی فەلەستین و گەڕانەوەی ئاوارەکانی فەلەستین، خستووەتە ژێر پێوە

تاوانەکانی شەڕ دژبە خەڵکی فەلەستین و حەمامی خوێنێک



کە لە غەززە کەوتووەتە ڕێ، قاتی و برسیەتییەک کە بەسەر دانیشتووانی ئەم باریکەیەدا سەپاوە، بیروڕای گشتی مرۆڤایەتی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی لە سەرانسەری جیهان دژبە دەوڵەتی داگیرکەر و ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل هانداوە. فشاری ئەم بزووتنەوە جیهانییە و تووڕەیی و بێزاری بیروڕای گشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دژبەم جینایەتە جەنگییەی دەوڵەتی ئیسرائیل، گرووپی ۷، بلۆکی وڵاتانی سەرمایەداری سەنعەتی لەسەر بەڕەسمی ناسینی دەوڵەتی فەلەستین تووشی ناکۆکی کردووە. هێندێک لە سەرانی دەوڵەتانی ئورووپایی لە درێژەدان بە بێدەنگی و ڕەزایەتی مونفەعیلانە شەرمەزار کرد و حکوومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەی لەوانە ئۆردۆن، میسر، عەرەبستان، قەتەر، ئیمارتئ یەکگرتووی عەرەبی و عێراق و تەنانەت دەوڵەتی فاشیستی تورکیەی ناچار کرد تا فریوکارانە دیفاع لە خەڵکی فەلەستین بکەن. ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئەم حکوومەتە سەرمایەدارییانە کە لەسەر دەریایەک لە سەروەت و سامانی ئەم کۆمەڵگایانە دەسەڵاتداری دەکەن و هۆکاری هەژاری و بێبەشی و بێمافی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشن، لەماوەی ئەم ساڵانەدا هیچ دەرفەتێکیان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل و سات و سەودا لەگەڵ ئەمریکا لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیان و لەدژی قازانج و بەرژەوەندی خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین لەدەست نەداوە

سەرانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیش لەم قۆناغەدا بە بیانووی تاوانی شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیل و پشتیوانی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئورووپا لەم جینایاتە و بە درۆودەلەسە سەبارەت بە دیفاع لە خەڵکی فەلەستین، هەوڵیاندا بێجگەلە بەرەوپێشبردنی ئامانجە ناوچەییەکانیان، بیروڕای گشتیش لە ئاست هەژاری و فەلاکەتی ئابووری و نەهامەتییە کۆمەڵایەتییەکان و لەئاست جینایەتێک کە دژبە خەڵکی ئێران ئەنجامی دەدەن بەلاڕێدابەرن. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەماوەی ئەم ساڵانەدا بە پشتیوانی ماڵی و تەسلیحاتی لە حەماس، ئەو دەرفەتەی بۆ ڕاسترین حیزبەکانی ناو ئیسرائیل پێکهێناوە تا بە گەورەکردنەوەی مەترسی حەماس و گرووپە ئیسلامییەکانی دیکە، ئامرازەکانی دەسەڵاتی سیاسی و نیزامی بگرنە دەست. ئەوان بە بیانووی حەماس، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، حیزبوڵڵا لە لۆبنان و باقی گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکان، کرێکاران و خەڵکی لایەنگری ئاشتییان لە ئیسرائیل و فەلەستین سەرکوت کردووە. ئاکامی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە پشتیوانیکردنی لە ڕەوتە تیرۆریستە ئیسلامییەکانی ناوچەکە ئەوە بووە کە وڵاتانی حەوزەی کەنداو بوونەتە ئەنباری چەکی ئەمریکا و بەردەوام داهاتە نەوتییەکانی ئەم وڵاتانە لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی ڕۆژئاواوە تاڵان کراوە

۲۲ مانگ شەڕ و جینۆساید لە غەززە لە هەمان کاتدا کە سرووشتی دەوڵەتی ئیسرائیل و ئەوپەڕی فریوکاری نەزمی نێونەتەوەیی دیموکراسی لیبڕاڵ و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤی ئاشکرا کردووە، شکست و بنبەستی تەواوی حەماس و گرووپە ئیسلامییەکانی هەم وەک مۆدێلێک بۆ حکوومەت و هەم وەک ستراتێژی سیاسی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکاری و سیاسەتی ئاپارتایدی ڕەگەزی دەوڵەتی ئیسرائیل نیشان داوە. حەماس و گرووپە ئیسلامییەکان بە ستراتێژی، تاکتیک و توندڕەوییەکانیان، لەوانە بە هێرشی تیرۆریستی حەوتی ئۆکتۆبر و ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە، بەکردەوە خزمەت بە بەهێزبوونی ڕەوتە ڕاست و فاشیستەکان لە ئیسرائیل و نەسلکوژی لە غەززە دەکەن. حەماس بەشێک لە ڕێگاچارەی مەسەلەی فەلەستین نییە، بەڵکوو خۆی بەشێک لە کێشە و گرفتی خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستینە. بزووتنەوەی فەتحیش بەخاتری گەندەڵی سیستماتیک و سرووشتی ستراتێژی و ناکارامەیی سیاسەتەکانی لە بەرامبەر داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیل بەکردەوە خزمەتی بە گەشەی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی کردووە. سەرهەڵدان و بەهێزبوونی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە فەلەستین لە گرەوی ئەوەدایە کە لە مەسیری خەبات لەدژی داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیل و ڕزگاری ڕاستەقینەدا، کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین لە ژێر نفووزی ئەم ڕەوتە کۆنەپەرستانە بێنێتە دەر و بە ستراتێژی سۆسیالیستی، یەکگرتوویی و هاوپشتییان لەگەڵ بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئیسرائیل و وڵاتانی ناوچەکە بەهێز بکات و لەم مەسیرەوە ئاسۆی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و ڕزگاری یەکجاری بەڕووی میللەتی فەلەستیندا بکاتەوە. ئێستا لە هەلومەرجێکدا کە میللەتی فەلەستین لە نێوان ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئیسرائیل، غەززە، لێواری ڕۆژاوا و کەمپی ئاوارەکان لە ئۆردۆن و لۆبناندا چەند لەت بووە، بەڵام هیوا بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و هیوا بۆ ڕزگاری ڕاستەقینە هەروا زیندووە. تەنیا بەهێزکردنی ئەم پەیوەندی و هاوپشتییە و درێژەی بزووتنەوەی جیهانی لەدژی جینۆسایدی حکوومەتی ئیسرائیل و لە دیفاع لە ئازادی فەلەستین دەتوانێ هاوسەنگی هێز بە قازانجی ئەم نەتەوە ستەملێکراوە بگۆڕێت و ئاسۆیەکی هیوابەخش بەڕووی خەڵکی ئەم ناوچەیەدا بکاتەوە

کۆنگرەی نۆزدەی کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، هەڵوێستە ڕاگەیەندراوەکانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین تەئید دەکات. کۆنگرەی نۆزدەی کۆمەڵە وێڕای مەحکووم کردنی توندی جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە کەرتی غەززە و ڕاگەیاندنی هاوپشتی قووڵ لەگەڵ خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین، داوا لە کرێکاران و خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی ئێران و کوردستان دەکات کە وەک بەشێک لە بزووتنەوەی جیهانی لەدژی نەسلکوژی و داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیل و لە دیفاع لە ئازادی فەلەستین ڕۆڵی خۆیان بگێڕن. بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستی و ئازادیخوازی لە کوردستان تەنیا بە یەکگرتوویی و پشیتوانی لە بزووتنەوەی کرێکاری لە سەرتاسەری ئێران و بە قووڵکردنەوەی ستراتێژی ئەرکە ئەنترناسیۆنالیستییەکانی خۆی، واتە بە ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی وەک بنکەی سەرەکی کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکە دەتوانێ شنەی شۆڕشێکی سەرکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخاتە ڕێ و هێزێکی تازە بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە فەلەستن و ناوچەکە ببەخشێت.

گەلاوێژی ١٤٠٤ی هەتاوی

ئاگۆستی ٢٠٢٥ی زایینی

❊❊❊

**بو بینینی ڕاستەوخۆی**

**تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی**

**-کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و**

**کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە**

**بکەن:**

**alternative-shorai.tv**

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

## لەدژی حوکمی ئێعدامی شەریفە محەممەدی، چالاکی کرێکاری

هەواڵی پەسندکرانی حوکمی ئێعدامی شەریفە محەممەدی، چالاکی کرێکاری، لەلایەن دیوانی باڵای ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تووڕەیی و بێزاری و نارەزایەتی هەموو چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەبی دژبەم حوکمە نامرۆڤانە و دژەکرێکارییە لە سەرتاسەری ئێران لێکەوتووەتەوە. ئەم حوکمە بۆ جارێکی دیکە سرووشتی کۆنەپەرستانە، سەرکوتگەر، دژەژن و دژەکرێکاری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە چینی کرێکار و ژنانی ستەملێکراو و ئازادیخوازی ئێران نیشاندا. شەریفە محەممەدی ژنێکی تێکۆشەر و ئازادیخوازە کە بێجگەلە دیفاع لە مافی کرێکاران و ژنانی ستەمدیدەی ئێران هیچ تاوانێکی تری نییە. تەنیا تاوانی ئەو لە نیزامی دژەژن و دژەکرێکاری کۆماری ئیسلامیدا، بەرگری کردن لە مافی کرێکاران و زەحمەتکێشانە



لقی یەکی بێدادگای دژەشۆڕشی ئیسلامی لە ڕەشت لە ڕێکەوتی ١٤ی مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٤٠٣، دوای حەوت مانگ ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی لە وەزارەتی ئیتلاعات، شەریفە محەممەدی چالاکی کرێکاری بە تۆمەتی ئەندامیەتی لە "کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان" و بە تۆمەتی درۆینەی ئەندامیەتی لە کۆمەڵە، کە لە یاسای کۆنەپەرستانەی فێقهیدا پێی دەوترێ "بەغی"، موحاکمە و بە ئێعدام مەحکووم کرد. دوای ئەوە، حوکمی ئێعدامی شەریفە لە لقی ٢٩ی دیوانی باڵای کۆماری ئیسلامی لە مانگی ڕەزبەری ١٤٠٣دا هەڵوەشایەوە. بەڵام بە وتەی ئەمیری ڕەئیسیان پارێزەری شەریفە محەممەدی "لقی ٣٩ی دیوانی باڵا کە پێشتر حوکمی شەریفەی محەممەدی هەڵوەشاندبووەوە، ئەمجارە سەرەڕای هەموو ناڕوونی و ئیراداتی ئەو پەروەندەیە، حوکمی ئێعدامی پەسەند کردووە"

هێزە ئەمنیەتییەکانی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕژیمی ئیسلامی لە بارودۆخێکدا لەڕێگەی پەروەندەسازی ئەمنیەتییەوە شەریفەی محەممەدییان بە ئەندامیەتی لە کۆمیتەی هاوئاهەنگی تۆمەتبار کردووە و ئەم ڕێکخراوە عەلەنی و سەربەخۆیەیان سەربە کۆمەڵە ڕاگەیاندووە کە کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، هەتا ئێستا گەلێک جار لێبڕاوانە ئەم ئیدیعا بێ بنەما و ئەساسەی ڕەت کردووەتەوە

لێدانی تۆمەتی "بەغی" لە شەریفەی محەممەدی نەتەنیا هیچ پەیوەندییەکی بە چالاکییەکانی ئەوەوە نییە، بەڵکوو نیشانەی هەوڵی نەخشەمەندی دەزگای سەرکوتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ کوشتنی هەڵسووڕاوانی کرێکاری و چاوترسێن کردنی هەموو چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە کە لە ڕێکخستن و پەرەپێدانی ئەم بزووتنەوانەدا دەورونەخشیان هەیە. حوکمی ئێعدامی شەریفە محەممەدی بڕیارێکی سیاسی و ئەمنیەتییە کە بە تەئیدی دەزگای ئەمنیەتی و قەزایی حکوومەتی سەرمایەی ئیسلامی دەرکراوە. سەرانی کۆماری ئیسلامی دەیانهەوێ ڕیسوایی و شکستی زەلیلانەیان لە شەڕی دوازدە ڕۆژە بەرامبەر ئیسرائیل، بە ئێعدامی چالاکانی کرێکاری و بە پەرەپێدانی ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگا قەرەبوو بکەنەوە. بەڵام ئەزموون نیشانی داوە کە ستراتێژی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی وەک ڕەمزی مانەوەی ئەم ڕژیمە جنایەتکارە نەیتوانیوە کۆمەڵگا چاوترسێن بکات. درێژەی کەمپەینی شکۆمەندی نا بۆ ئێعدام لە ناو زیندان و ئەشکەنجەخانەکانی ڕژیم، دەرخەری ئەم حەقیقەتە سادەیەیە. بزووتنەوەی کرێکاری و ئازادیخوازی لە ئێران و بزووتنەوەی خەبات بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی لە حاڵی تێپەڕین لە ستراتێژی سەرکوتی کۆماری ئیسلامیدایە

دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ شەریفەی محەممەدی نیشانەی ئەوەیە کە ڕژیمی داماوی کۆماری ئیسلامی کەوتووەتە لێواری هەڵدێرێک کە بۆ دەربازکردنی خۆی پێویستی بە گرتنی گیانی ئەم ئینسانە ئازادیخوازەیە. بێگومان بە حوکمی ئێعدامی شەریفە، ئەمجارە دروشمی سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە، کرێکاری زیندانی، زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ بەهێزتر لە ڕابردوو لە ناوەوە و دەرەوەی زیندان و ئەشکەنجەخانەکانی ڕژیم هاوار دەکرێت. کۆمەڵە، هاوڕێ لەگەڵ هەموو ئەحزاب و ڕێکخراوە سیاسی و شۆڕشگێڕەکان داوا لە هەموو ئنیسانێکی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەب دەکات کە لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران بە بەڕێوەبردنی هەڵمەتی بەرینی سیاسی - تەبلیغی بۆ کۆبوونەوەی ئیعتڕازی و بە وتنەوەی دروشمی سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە، کرێکاری زیندانی، زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئازادی بێ شەرت و مەرجی شەریفە محەممەدی و سەرجەم زیندانییانی سیاسی و کرێکاران و موعەلیمانی بەندکراو، بخەنە ژێر فشارەوە

**زنیدانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ**

**سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە**

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان**

**کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٢٦ی گەلاوێژی ١٤٠٤ی هەتاوی

١٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٥ی زایینی

❊❊❊

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

## بۆ مەحکووم کردنی فشار، هەڕەشە و دەرکردنی ماموستایانی تێکۆشەری کوردستان

ئەنجومەنی پیشەیی ماموستایانی کوردستان ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی مانگی گەلاوێژ لەڕێگەی ڕاگەیاندنێکەوە هەواڵی دەرکردنی حوکمی قورس و نامرۆڤانەی لەلایەن دەستەی پێداچوونەوەی وەزارەتی پەروەردە لەدژی ماموستایانی تێکۆشەر لە شارەکانی سەقز و دیواندەرە و سنە ڕاگەیاند. بەپێی ئەم ڕاگەیاندنە، چوار کەس لە ماموستایانانی دڵسۆز و بەئەزموونی ئەندامی ئەنجومەنی پیشەیی ماموستایانی کوردستان لە دیواندەرە و سێ ماموستای فیداکار و شەریفی سەقز لەلایەن دەستەی پێداچوونەوە، کە ئامرازی سەرکوت و باسکی هێزە ئەمنیەتییەکانی حکوومەتی ئیسلامی لەدژی ماموستایان و خوێندکارانی خەباتکارە، بە حوکمی قورسی دەرکران و دوورخستنەوە، خانەنشین کردنی زۆرەملێ و هێنانەخواری گرووپ و پایەی پیشەیی مەحکووم کراون. ئەم ئینسانە شەریف و دڵسۆزانە لە ماموستایانی بەسابقە و بەئەزموونی کوردسانن. ئەنجومەنی پیشەیی ماموستایانی کوردستان لە بەیاننامەکەی خۆیدا باسی لەوەش کردووە کە لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا حەوت ماموستا و چالاکی پیشەیی لە شاری سنە حوکمی هاوشێوەیان بۆ دەرکراوە

ئەنجومەنی پیشەیی ماموستایانی کوردستان یەکێک لە سەرەکیترین ڕێکخراوەکانی ماموستایانی سەرتاسەری ئێران هەژمار دەکرێت کە هەتا ئێستا لە خەبات بۆ وەدیهێنانی داخوازییەکانیان بەهای زۆریان داوە. لە جەریانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژیناشدا لەگەڵ خوێندکارانی تێکۆشەر دەورونەخشێکی بەرچاوی بینی. ئەم ئەنجومەنە لە بەیاننامەکەیدا ڕایگەیاندووە: " بەدوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی دەورەیی ئەنجومەنی شاری سنە لە مانگی گوڵانی ١٤٠٣، فشار و هێرشی توند لەدژی بەڕێوەبەرانی ئەم هەڵبژاردنە بەڕێوەچوو و دەستبەجێ دەستەی پێداچوونەوەی وەزارەتی پەروردە، بۆ حەوت کەس لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردراو، پەروەندەسازی کرد"

حکوومەتی دژەزانستی ئیسلامی لە ئێران، کە لە ئیدارەی هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگادا شکستی خواردووە و تووشی قەیران بووە، تەنانەت لە دابین کردنی ئاو و بەرق و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان زەبوون و بێتوانایە، لەپێناوی درێژەی دەسەڵاتە نەکبەتبارەکەیدا فشار و سەرکوتی ماموستایانی تێکۆشەری کوردستانی پەرەپێداوە. ئەم هێرشەی کۆماری ئیسلامی بۆسەر کۆمەڵگەی ماموستایانی کوردستان نیشانەی ترس و وەحشەتی ڕژیمێکە کە پایەکانی دەسەڵاتەکەی کەوتووەتە لەرزە و بوونی هەر جۆرە ڕێکخراوێکی کرێکاران، ماموستایان، خانەنشینان، پەرستاران و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا بە هێزێک بۆ لاوازکردنی زیاتری دەسەڵاتە گەندەڵ و جنایەتکارەکەی خۆی دەبینێت. ئەنجومەنی پیشەیی ماموستایانی کوردستان بەشێک لە بزووتنەوەی سەرتاسەری ماموستایانی ئێرانە کە هیچ کات تەسلیمی یاسای کۆنەپەرستانە و دژەزانستی حکوومەتی

ئیسلامی نەبووە و لەئاستی سەرتاسەری ئێرانیشدا خاوەن ئیعتبار و خوشەویستە. ئەم ئەنجومەنە هەر لە سەرەتاوە خوازیاری ڕاگرتنی بەکاڵاکردنی پەروەردە، مافی خوێندن بە زمانی دایک، باشترکردنی بارودۆخی ژیانی مامۆستایان، وە کۆتایی هێنان بە پەروەندەسازی بێبنەما بۆ چالاکانی پیشەیی و هاوکارانیان بووە

زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی مامۆستایان لە سەرانسەری ئێران هەمیشە پاڵپشتی و پشتیوانییان لە هەوڵ و خۆبەخشی مامۆستایانی کوردستان کردووە. ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایانی پارێزگای فارس لە ئیدانەکردنی حوکمی دەرکراو بۆ مامۆستایانی کوردستان لەڕێگەی بەیاننامەیەکەوە وێڕای ڕاگەیاندنی هاوپشتی لەگەڵ مامۆستایانی کوردستان، ئەوانیان بە هێمای هوشیاری، بەرپرسبوون و دەنگی دادخوازی پەروەردەی ئێران پێناسە کرد. هەڵسووکەوتی حکوومەتی ئیسلامی بەرامبەر ئەوانیان بایەخ نەدانی ئاشکرا بە داخوازی ڕەوای خوێندکاران و بنەماڵەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی ئێران زانی و خۆڕاگری مامۆستایانی کوردستانیان سەلمێنەری ئەم حەقیقەتە وەسف کرد. ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایانی پارێزگای فارس خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی ئەم ئەحکامە زاڵمانەیە، گەڕاندنەوەی هەموو مامۆستایان بۆسەر پیشەکانی خۆیان و خوازیاری کۆتایی هێنان بە ڕەوتی پەروەندەسازی لەدژی فەرهەنگیان بووە.

کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، فشار، پەروەندەسازی ئەمنیەتی و دەرکردنی ئەحکامی نامرۆڤانەی کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامی لەدژی مامۆستایانی شەریف و تێکۆشەری کوردستان بەتوندی مەحکووم دەکات و خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی هەموو ئەم ئەحکامە نامرۆڤانەیە. داوا لە کرێکاران و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و سەرتاسەری ئێران دەکەین بە حمایەت و پشتیوانی لێبڕاوانەی خۆیان، حکوومەتی ئیسلامی ناچار بە هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی ئەم ئەحکامە زاڵمانەیە بکەن. پێویستە بە هێزی هاوپشتی و خەباتی خۆمان بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، کە لە گێژاوی قەیرانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی ناوخۆیی و نێونەتەوەییدا گرفتارە، نیشانی بدەین کە بە دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بە دەرکردنی حوکمی ئیخراجی مامۆستایانی تێکۆشەر ناتوانێ درێژە بە دەسەڵاتە نگریسەکەی بدات.

**سەرکەوێ یەکگرتوویی و خەباتی مامۆستایانی ئازادیخواز**

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵکی کوردستان**

**کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٣٠ی گەلاوێژی ١٤٠٤ی هەتاوی

٢١ ئاگۆستی ٢٠٢٥ی زایینی

❋❋❋

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

# لەدژی دەرکردنی دووبارەی حوکمی ئێعدام بۆ شەریفە محەممەدی، چالاکی کرێکاری

ڕژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی لە درێژەی پەرەپێدانی سەرکوت و پێکهێنانی کەشوهەوای ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگادا، حوکمی ئێعدامی شەریفە محەممەدی، چالاکی کرێکاری لە لقی ٣٩ی دیوانی باڵادا پەسندکرد. شەریفە محەممەدی یەکەم جار لە ڕێکەوتی ١٤ی مانگی پووشپەڕی ١٤٠٣ دوای چەند مانگ ئەشکەنجە لەلایە بێدادگای ڕژیم لە شاری ڕەشت بە تۆمەتی بێ بنەمای چالاکی لەدژی نیزام بە ئێعدام مەحکووم کرا. ئەوەش لە کاتێکدایە کە شەریفە محەممەدی وەک چالاکێکی کرێکاری بێجگە دیفاع لە مافی کرێکاران و ژنانی ستەملێکراوی ئێران هیچ تاوانێکی تری ئەنجام نەداوە



ڕاگەیاندنی حوکمی ئێعدامی شەریفە لەلایەن باڵاترین ناوەندە قەزاییەکانی ڕژیم بۆ جارێکی تر نیشانی دا کە کۆماری ئیسلامی نارەزایەتی جەماوەر بۆ دەسەڵاتە دژەکرێکار و دژەئینسانەکەی بە مەترسی دەزانێت. سیاسەت و ئامرازی بنەڕەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر چینی کرێکار و خەڵکی ناڕازی و ئازادیخوازدا هەمیشە سەرکوت و ئێعدام و ئەشکەنجە بووە و ڕژیم گەلێک جار نیشانی داوە کە جەماوەری ناڕازی و وەگیانهاتوو بە دوژمنی سەرەکی خۆی دەزانێت.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا دەیهەوێ بە سیاسەتی ئێعدام و ئەشکەنجە لەناو کرێکاران، خانەنشینان، موعەلیمان، پەرستاران، شۆفیرانی کامیۆن و گشت جەماوەری ناڕازی، ترس و وەحشەت پێکبێنێ و بەخەیاڵی خۆی چاوترسێنیان بکات، کە لە شەڕی دوازدە ڕۆژە لەگەڵ ئیسرائیلدا تووشی شکستێکی سەرشۆڕانە بووە، لە ئاستی ناوچەییدا زیانی قورسی بەرکەوتووە و لە هەمان کاتدا بەرەوڕووی قەیرانی قووڵی سیاسی و ئابوورییە و تەنانەت ناتوانێ نان، ئاو و بەرقی پێویست بۆ خەڵک دابین بکات. چینی کرێکار و گشت خەڵکی ناڕازی بە مانگرتن و نارەزایەتی کرێکاری و جەماوەری لە سەر شەقام و لە کارخانە گەلێک جار بوێرانە بەرەنگاری سیاسەتی سەرکوتگەرانەی ڕژیم بوونەتەوە. بێگومان ئەمجاریش تەنیا بە پەرەپێدانی نارەزایەتی یەکگرتووانە و هاوئاهەنگ لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، بە هاوپشتیی بەهێزی نێونەتەوەیی دەتوانین ئەم ڕژیمە دژەکرێکارە، دژەژن و سەرکوتگەرە لەئاست جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدامی شەریفە محەممەدی و زیندانیانی دیکەی مەحکووم بە ئێعدام ناچار بە پاشەکشە بکەین.

ئێمە وێڕای ئیدانەکردنی حوکمی دووبارەی ئێعدام بۆ شەریفە محەممەدی، خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەم سزا نامرۆڤانەیەین کە دژی هەموو یاسا نێونەتەوەییەکانە. شەریفە محەممەدی، وریشە مورادی و پەخشان عەزیزی و باقی چالاکانی زیندانی دەبێ دەسبەجێ و بێ مەرج ئازاد بکرێن. ئێمە لەم ڕاستایەدا هاوڕێ لەگەڵ هێزە چەپ و شۆڕشگێڕەکان داوا لە هەموو ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات دەکەین کە لەدژی سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگی ڕژیم بێنە مەیدان و بە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی ئیعترازی و بە ووتنەوەی دروشمی سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە، کرێکاری زیندانی، زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ، کۆماری ئیسلامی بۆ ئازادکردنی شەریفە و سەرجەم زیندانیانی سیاسی بخەنە ژێر فشارەوە.

**سزای ئێعدام کوشتنێکی قیزەون و بەرنامەڕێژیکراوی دەوڵەتییە و دەبێ دەستبەجێ هەڵوەشێتەوە!**

**کرێکاری زیندانی، زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان**

١٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٥

❋❋❋

# سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە

## ڕاگەیاندنی بەڕێوەچوونی پلێنۆمی یەکەمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٩

یەکەمین پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٩، بە بەشداری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە و کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە وەک چاوەدێر لەم کۆبوونەوەیەدا بانگهێشت کرابوون، لە ڕێکەوتی ٢٥ی مانگی گەلاوێژی ١٤٠٤ بەرامبەر لەگەڵ ١٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٥ بەڕێوەچوو.
دەستووری جەلەسەکانی پلێنۆم بریتی بوون لە:

١ – شێوازی بڵاوکردنەوەی بەڵگەکانی کۆنگرە
٢ – سازماندان، ئارایش و تەقسیمی کاری هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی و ئۆرگانە تەشکلاتییەکانی کۆمەڵە

لە پەیوەند لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بەڵگەکاندا، پلێنۆم کۆمیسیۆنێکی هەڵبژارد تا لە زووترین کاتدا بەسەرنجدان بە تێبینییەکانی کۆنگرە، دەقی کۆتایی بەڵگەکان ئامادە بکرێت و بۆ پەسندکردن و بڵاوکردنەوە بخرێتە ئیختیاری کۆمیتەی ناوەندییەوە.

سەبارەت بە دەستووری جەلەسەی دووهەم، واتە ئارایش و تەقسیمی کار، وەک ڕەوالی هەمیشە، بۆ هەرکام لە ئۆرگانەکان سەرەتا ژمارەی هاوڕێیانی پێویست تاوتوێ کرا و پاشان لەڕێگەی ئینتخاباتی غەیری عەلەنییەوە، لەناو هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی کە کاندید کرابوون، ژمارەیەکی دیاریکراو هەڵبژێردران.
پلێنۆم بە ئامانجی هیدایەتی چالاکی سیاسی و تەشکیلاتی کۆمەڵە لە ماوەی دوو پلێنۆمدا، لەناو هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، کۆمیتەیەکی ڕێبەریی ٧ کەسی هەڵبژارد کە بریتین لە هاوڕێیان: ڕەئووف پەرستار، ناسر زەمانی، حەسەن شەمسی، ڕەحیم عەزیزپوور، محەممەد کەماڵی، سەلاح مازووجی و جەلال محەممەد نەژاد. دواجار پلێنۆم، هاوڕێ حەسەن شەمسی وەک دەبیری کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە هەڵبژارد و بەم شێوەیە کۆتایی بە کاری خۆی هێنا.

**کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە**
**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٢٧ی گەلاوێژی ١٤٠٤ی هەتاوی
١٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٥ی زایینی

***

## داماویی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتیدا؛ "شەڕەنگێزی بەسە – سفرەمان بەتاڵە"

ڕۆژی یەکشەممە ٢٦ی مانگی گەلاوێژ زیاتر لە ٩ کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لەلایەن کرێکاران، خانەنشینان، شۆفیرانی کامیۆن و کامیۆنداران و توێژەکانی دیکە لە شارەکانی ئێران بەڕێوەچوو. سەرهەڵدانەوە و پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش کە ماوەیەک لەژێر کاریگەریی کەشوهەوای شەڕی ئیسرائیل و ئەمریکا لەدژی کۆماری ئیسلامی دامرکابوو، چارەهەڵنەگر و حەتمییە. چونکە کۆماری ئیسلامی لە گێژاوێک لە قەیرانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەست و پێ لێدەدات و بارودۆخی ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دژوارتر و خراپتر بووە. لە بەرامبەر وەها بارودۆخێکدا حکوومەتی گەندەڵ و مایەپووچی کۆماری ئیسلامی هیچ وڵام و ڕێکارێکی بۆ دەربازبوون لەم قەیرانانە و لەم بارودۆخە فەلاکەتبارەی کە بەسەر خەڵکیدا سەپاندووە، نییە. ڕژێم بۆ لەسەر پێ ڕاگرتنی خۆی تەنیا بە ئامرازی سەرکوت و دیکتاتۆری، زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام پشت ئەستوورە. لە وەها هەلومەرجێکدا کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێرانیش ڕێگایەکیان بێجگەلە گەشەپێدانی مانگرتن و ئیعتراز نییە

بەگوێرەی ڕاپۆرتی "هرانا" ئۆرگانی هەواڵی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، ڕۆژی یەکشەممە ٢٦ی مانگی گەلاوێژ، نزیکەی ٥٠٠ کەس لە کرێکارانی شیرکەتی و ئەرکانی سالسی پێترۆشیمی ڕازی بەندەری ماهشەهر لە هەشتەمین ڕۆژی مانگرتن بۆ وەدیهێنانی داخوازییەکانیان، لە بەرامبەر دەفتەری مەرکەزی ئەم شیرکەتە دەستیان دایە کۆبوونەوە و جیا لە دووپات کردنەوەی خواستەکانیان، واتە وەرگرتنی مەزایا و جێبەجێکردنی هەمسانسازی، کە سەرەڕای پەسندکرانی لە شۆرای تەئمین، خاوەنکار پەرداختی ناکات، خوازیاری ئازادیی دوو کرێکاری دەستبەسەرکراو و گەڕاندنەوەیان بۆسەر کاری ژمارەیەکی دیکە لەو کرێکارانە بوون کە لەلایەن حەراسەتی شیرکەتەوە دەرکراون و لە چوونەوەیان بۆ شیرکەت ڕێگری دەکرێت

لە کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتی دیکە لە هەمان ڕۆژدا، کۆمەڵێکی زۆر لە کرێکارانی پەیمانکاری و ئەرکانی سالسی شیرکەتی نەوت و گازی گەچساران، لە بەرامبەر بینای ناوەندی ئەم شیرکەتە دەستیان دایە کۆبوونەوە و خوازیاری پێدانی حەقدەستی دواخراو و باشترکردنی بارودۆخی کار و دیاریکردنی وەزعییەتی ئیستخدامی خۆیان بوون. ئەوان هەروەها خوازیاری نەمانی جیاکاری لە قەراردادەکانی کار، دابینکردنی ئەمنیەتی پیشە و خوازیاری ئەمنیەتی شوێنی کار و ژیانیان بوون و لەدژی ئەو بارودۆخە نائەمنەی کە هەموو ڕۆژێ گیانی کرێکاران دەخاتە مەترسیەوە و بەهۆیەوە لەم دواییەدا دوو کرێکار گیانیان لەدەستدا، ناڕەزایەتییان دەربڕی

لە هەمان ڕۆژدا "ئیلنا" هەواڵنێری کاری ئێران، کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی کارمەندانی شیرکەتی موهەندسی و دروستکردنی دامەزراوەی دەریایی لە بەرامبەر بینای تازەی شیرکەتی میللی نەوت لە تاران ڕاگەیاند. کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی ئەوان بەهۆی نەدرانی حەقدەستی سێ مانگی ڕابردوو و نەدرانی حەقی بیمەی تەکمیلی و تەئمینی ئیجتماعی، وە نەدرانی مەزایای قانوونی لە سەرەتای ئەمساڵەوە بووە. هەر لە ڕۆژی یەکشەممەدا "ئیتحادیەی ڕێکخراوەکانی کامیۆنداران و شۆفیرانی ئێران"، ڕایگەیاند کە شۆفیران و کامیۆنداران لە بەرامبەر بینای وەزارەتی سەنعەت، مەعدەن و تجارەت لە تاران کۆبوونەوەیان بەڕێوەبردووە. ئەوانیش لەئاست بێلاتەکلیفی کامیۆنە تەوقیفکراوەکانی خۆیان و بایەخ نەدانی




مەسئوولان بەم بابەتە ئیعترازیان کرد

لەلایەکی دیکەوە ڕێکخراوی "شۆرای خانەنشینانی ئێران" ڕۆژی یەکشەممە ٢٦ی مانگی گەلاوێژ، کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی کرێکارانی خانەنشینی سەنعەتی پۆڵای ئیسفەهانی لە بەرامبەر بینای سندووقی خانەنشینیی سەنعەتی پۆڵای ئەوشارە ڕاگەیاند. ئەم کرێکارانە، خوازیاری بەڕێوەچوونی هەمسانسازی و لابردنی سەقفی حقووق، پێدانی جێژنانە و چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەندیدار بە خزمەتگوزاری دەرمان بوون. لە هەمان ڕۆژدا خانەنشینانی تەئمینی ئیجتماعی لە شارەکانی تاران، ئەهواز، ڕەشت، ئیسفەهان، کەرەج، شووش، کەرخە و حەوت تەپەش لە ناڕەزایەتی بە بەڕێوەنەچوونی هەمسانسازی حقووق، چوونەدەری سازمانی تائمینی ئیجتماعی لە چوارچێوەی دەوڵەتی دز و گەندەڵی کۆماری ئیسلامی، بە دروشمی وەک "شەڕەنگێزی بەسە – سفرەمان بەتاڵە"، "تەنیا لەسەر شەقامەکان، بەدەست دێ مافمان"، "دەوڵەتی وەرشکستە – دوژمنی بازنشستە"، "خانەنشین ڕاپەڕە – کاتی دانیشتن نییە" کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەرپا کرد و خوازیاری زیادکردنی حقووقی خانەنشینی بەپێی هەزینەی سەبەدی مەعیشەت بوون.

پێویستە بوترێ کە ڕۆژی شەممە ٢٥ی مانگی گەلاوێژیش لە ژمارەیەک لە شارەکان جەماوەری خەڵک لە ناڕەزایەتی بە برانی بەردەوامی بەرق لە گەرمای بەتینی هاوین و نەبوونی ئاوی خواردنەوە و خزمەتگوزارییە گشتییەکانی دیکە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوەبرد. بۆ نموونە لە بێهبەهان کامیۆنداران لە بەرامبەر فەرمانداریی ئەمشارە لە ناڕەزایەتی بە ڕاگیرانی چالاکی کارخانەی سیمانی ئەمشارە بەهۆی قەتعبوونی بەرق،

کە لەماوەی ٢٠ ڕۆژی ڕابردوودا هیچ بارێکیان نەبردووە و بێکار بوون، کۆبوونەوەیان بەڕێوەبرد. لە بابۆلسەریش لە هەمان ڕۆژدا بۆ چوارەمین جار لە ماوەی حەفتەی ڕابردوودا، کۆمەڵێک لە بازاڕیان و هاووڵاتییان لە بەرامبەر فەرمانداری ئەمشارە کۆبوونەوە و لەئاست قەتعبوونی ڕۆژانە ٦ تا ٨ سەعات بەرق و کەموکوڕی لە بواری ئاو و ئینترنێتەوە ئیعترازیان کرد.

پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە ئێران، وڵامێکە بۆ حاکمانی ڕژیمی ئیسلامی،





کە ڕێگە نادەن بە بیانووی شەڕ، داخوازییەکانیان پشتگوی بخەن. حکوومەتی ئیسلامی لە بارودۆخێکدا کە لە قەیرانی توندی ئابووری و وەرشکستەییدایە و تەنانەت ناتوانێ حقووق و حەقدەستی کرێکاران و کارمەندانی دەوڵەت بدات، بۆ نیشاندانی بەناو دەسەڵاتی ناوچەیی خۆی بە ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە، هەزاران ملیارد تمەن لە بەرهەمی کار و ڕەنجی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش دەکاتە خەرجی ڕێپێوانی کۆنەپەرستانەی ئەربەعین بەرەو نەجەف و کەربەلا. تا نیشانی بدات کە سەرەڕای لێکهەڵوەشانی هێزە نیابەتییەکانی بەناو "میحوەری موقاومەت"، ئێستایش ئامرازی نفووزی لە ناوچەکەدا هەیە

بەڵام ڕژیمێک کە بە قسەی سەرۆک کۆمارەکەی خۆی، لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، لە دابینکردنی ئاو، بەرق، گاز، خزمەتگوزاری پزشکی و کۆمەڵایەتی، لە دابینکردنی هەزینەی ئاوەدانکردنەوە و ئیداری تووشی قەیران بووە، ڕژیمێک کە دەیان ساڵە ژیانێکی فەلاکەتباری بەسەر خەڵکدا سەپاندووە، تەمەنی کۆتایی هاتووە و دەبێ بڕووخێت. بەڵام ڕووخاندنی ئەم دەسەڵاتە دز و گەندەڵە، کە لە ئێستادا لە لاوازترین پێگەی خۆیدایە، لە گرەوی هاتنە مەیدانی کرێکارانی ڕێکخراو لەئاستی سەرتاسەری و لە گرەوی پەرەپێدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی جەماوەری بەشمەینەتی کۆمەڵگادایە

❊❊❊

# بەساڵاچوویی ژنان و هەژاری لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا

زیادبوونی دانیشتووانی بەساڵاچوو لە ئێران و جیهان، لە یەکەم نیگادا، بەرهەمی پێشکەوتنی تەندروستی و زیادبوونی تەمەنی مرۆڤە. بەڵام چڕبوونەوەی ململانێی چینایەتی، هەڵاواردنی ڕەگەزی و دەرئەنجامەکانی سیاسەتە نیولیبراڵییەکان، کە لە کۆتایی سەدەی بیستەمەوە خێراتر بوونەتەوە، ڕاستیە تاڵەکان دەردەخەن. قۆناغی بەساڵاچوویی بۆ زۆرینەی کرێکاران و زەحمەتکێشان لەجیاتی ئەوەی قۆناغی ئارامی و ئاسایش بێت بووەتە قۆناغێکی پڕ لە هەژاری، نەخۆشی و گۆشەگیری. سەبارەت بە ژنانی بەساڵاچوو، هەژاری توندتر و بەرچاوتر خۆی نیشان دەدات. نیزامی سەرمایەداری، کە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی خستووەتە خزمەت کەڵەکە کردنی سەرمایەوە، بەپێی سرووشتی، ناتوانێ ڕەفاە و خوشگوزەرانی گشتی بەدی بێنێت. تەنانەت درێژبوونەوەی تەمەن - کە بەشێکی بەرهەمی پێشکەوتنی زانست و تێکنۆلۆژی و ڕەفاهە، لە جیاتی ئەوەی پەرەسەندنی ئاسایشی گشتی لێبکەوێتەوە، بۆ چینی کرێکار بووەتە قەیرانێکی نوێ. ئەم قەیرانە لە سێ ڕەهەندی بنەڕەتیدا خۆی دەردەخات. داڕمانی سیستەمی پشتیوانی لە ڕێگەی بە تایبەتکردنی خزمەتگوزارییەکانی بیمە و خانەنشینی؛ گواستنەوەی باری چاودێری لە دەوڵەتەوە بۆ بنەماڵە و دواجار بۆ ژنان؛ بە کاڵاکردنی چاودێری و گۆڕینی پێداویستییەکانی بەساڵاچوویی بۆ گۆڕەپانێک بۆ قازانجکردنی سەرمایە. لە ئێرانیش ئەم قەیرانە بەشێوەیەکی توندتر لەئارادایە. سیاسەتە سەرمایەدارییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پرسی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ گەندەڵی پێکهاتەیی و دەرئەنجامەکانی گەمارۆ ئابوورییەکان، هەلومەرجێکی پێکهێناوە کە تێیدا زۆرینەی خانەنشینەکان لە هەژاری ڕێژەیی یان ڕەهادا دەژین. ئامارە فەرمییەکان نیشانی دەدەن کە لەسەدا ٦١ی بەساڵاچووان لە هەژاری ڕێژەییدا دەژین، لەسەدا ٣٢ لە هەژاری ڕەها و لەسەدا ١٧ لە هەژاری بەریندا دەژین

لە ئێران ژنانی بەساڵاچوو زیاتر لە پیاوان ڕووبەڕووی بێبەشی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبنەوە. ئەم دۆخە ڕیشەی لە پێکهاتە جیاکارییەکانی یاسای کار و بنەماڵەدا هەیە. نایەکسانبوونی حەقدەست، نەبوونی بیمەی تەکمیلی و هەڵاواردنی ڕەگەزی لە دامەزراندندا، وایکردووە ژنانی بەساڵاچوو لە زۆر حاڵەتدا تەنانەت نەتوانن پێداویستییە سەرەتاییەکانیش دابین بکەن. ئەم هەژارییە تەنیا ئابووری نییە؛ بەڵکوو بە هەڵاواردنی ڕەگەزی سیستماتیک بەتایبەت لە یاساکاندا گرێی خواردووە. ژنانی بەساڵاچووی جیابووەوە یان بێوەژن، لە کولتوورێکدا کە بەهای ژن بۆ ڕۆڵی هاوسەر و دایک دابەزیوە، تادێت زیاتر پەراوێز دەخرێن. ئەگەری هاوسەرگیری دووبارە بۆ ئەوان کەمە و بەربەستی ڕەگەزی وەک حیجابی ئیجباری، زیاتر بازنەی بەشداری کۆمەڵایەتییان تەسک دەکاتەوە. سەرمایەداری بەتایبەت لە قۆناغی نیولیبڕالیدا، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لاواز دەکات و ئاستی پەیوەندییەکانی مرۆڤ بۆ ئاڵوگۆڕی کاڵا دێنێتە خوارێ. ئەم ڕەوتە بۆ بەساڵاچووان بەتایبەت لە شارە گەورەکان، بووەتە هۆی پەراوێزخرانی کۆمەڵایەتی بەرین. کۆچکردنی لاوان، بچووکبوونەوەی بنەماڵەکان و هاتنەخواری ئاستی هەڵسووکەوت، بەساڵاچووانی بەرەو پەراوێزکەوتنێکی نەخوازراو پاڵ پێوەناوە. لە ئێران هاتنەخواری مامناوەندی ئەندامانی بنەماڵە لە ٥.٢ کەسەوە بۆ نزیکەی ٢ کەس، وە چوونەسەری ڕێژەی ژیانی تاکە کەسی لەناو بەساڵاچوواندا خۆی نیشانەی ئەم ڕەوتەیە. دابڕان و پەراوێزخرانی کۆمەڵایەتی نەک هەر لێکەوتەی ئابووری هەیە، بەڵکوو مەترسییەکی جیددی لەسەر تەندروستی دەروونی کەسانی بەساڵاچوو دروست دەکات. پەرەسەندنی ڕێژەی خۆکوشتنی بەساڵاچووان لە ئێران، سەرەڕای نهێنیکارییەکانی ڕژیم، هۆشداریدەر و جێگەی نیگەرانییە. سیاسەتەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە لەسەر بنەمای پاراستنی نەزمی چینایەتی و جێندەری دامەزراون، گوشاری زیاتری خستۆتە سەر ژنانی بەساڵاچوو. ڕژیمی ئیسلامی نەتەنیا لە پەرەپێدانی بیمەی پایە و تەکمیلی و دابین کردنی شوێنی نیشتەجێ بوونی گونجاو بۆ بەساڵاچووان کۆتایی کرووده، بەڵکوو لە دابین کردنی پێداویستییەکانی خانەنشینان، کە لە بارودۆخی گرانیدا نیازێکی حەیاتییە، ڕێگری کردووە. ئەم سیاسەتانە بەکردەوە بەمانای ڕەها کردنی بەساڵاچووان لە بازاڕی ئازاد و تەسلیم کردنی ئەوان بە مەنتقی سوود و زیانی سەرمایەدارییە. ئەو مەنتقەی کە ئەرزش و بەهای ئینسان تەنیا بەپێی توانای بەرهەمهێنانی ئەرزشی ئیزافە هەڵدەسەنگێنێت

سەرمایەداری لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا شارەزایی بواری دیجیتاڵی کردووەتە مەرجێکی بەشداری کۆمەڵایەتی. بەڵام شارەزا نەبوونی بەسەڵاچووان لەم بوارەدا، بەتایبەت ژنان، بەکردەوە ئەوانی لە خزمەتگوزاری، زانیاری و پەیوەندی پێویست بێبەری دەکات. ئەم مەحروومییەتە لە وڵاتێکی وەک ئێران کە خزمەتگوزاری گشتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دیجیتالی دەبێتەوە، بەمانای وەلانانی بەساڵاچووانە لە دەستڕاگەیشتی بەرابەر بە خزمەتگوزارییەکان

بەساڵاچوویی و تەمەنی خانەنشینی لە ئێرانی ئەمڕۆ، بۆ زۆربەی کرێکاران و زەحمەتکێشان، ئەزموونێکی پڕ لە هەژاری، نەخۆشی، پەراوێزخران و هەڵاواردن بۆ ژنانی بەساڵاچووە. بەتایبەت ژنانی بەتەمەن و بەساڵاچوو، فشاری چەند هێندەی ستەمی جنسیەتی و جیاکاری یاساییشیان بەسەردا دەسەپێت. بێگومان، ئەم بارودۆخە ئاکامی ڕاستەوخۆی لۆژیکی سەرمایەداری و پێکهاتەی چینایەتی و ڕەگەزی زاڵە. لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەدا، تەنیا ڕێگا، ڕێکخستنی چینایەتی و خەباتی یەکگرتووانەی کرێکاران، خانەنشینان، ژنان و لاوان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکە کە تێیدا قۆناغی بەساڵاچوویی بەمانای قۆناغی ڕزگاری لە ڕەنج و هەژاری و بەهرەمەند بوون لە کەرامەتی ئینسانی بێت.

❊❊❊



# بەیادی گیانبەختکردووانی کۆمۆنیست لە قەتڵوعامی خەرمانانی ٦٧
# «تۆبەکردن یان مردن لەژێر شەللاقدا»

مانگی خەرمانان ساڵیادی تاوانێکی سامناکە کە بەدەستی جەلادانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە زیندانەکاندا بەڕێوەچوو. کوشتاری بەندکراوانی سیاسی کە لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٧ بە ئێعدامی بەکۆمەڵی ئەندامان و لایەنگرانی سازمانی موجاهدینی خەلق دەستپێکردبوو، لە مانگی خەرمانانی هەمان ساڵدا بە کوشتاری زیندانیانی چەپ و کۆمۆنیست درێژەی پێدرا

کۆمیسیۆنی مەرگ، پێکهاتوو لە حسێنعەلی نەییری "حاکمی شەرع"، مورتەزا ئیشڕاقی "دادستان"، ئیبراهیم ڕەئیسی "جێگری دادستان" و موستەفا پورمحەممەدی "نوێنەری وەزارەتی ئیتلاعات"، دوای ئەوەی کە ڕاپۆرتی مەئموریەتە جەنایەتکارانەکەی مانگی گەلاوێژیان لە زیندانەکان پێشکەشی خومەینی کرد، فەتوای کوشتاری کومونیستەکانیشیان لێوەرگرت و لە یەکەم ڕۆژەکانی مانگی خەرماناندا کەوتنەگیانی ئەو



ئینسانە شەریفانەی کە دڵیان کەیلی ئەوین و ئارمانی بەرزی ڕزگاری ئینسانی چەوساوە و ستەملێکراو بوو. داری ئێعدام دامەزران و زیندانیە ئارمانخوازەکان بە وتنی "نا" بۆ جەللادان پێی هەڵواسران و مۆری شەرمەزاریەکی مێژوویان بە نێوچاوانی قاتڵان و بکوژانیانەوە نا. هەزاران بەندکراوی تێکۆشەر و خۆڕاگر داری ئێعدامیان ماچ کرد، بەلام لە بەرانبەر جەنایەتکاراندا سەریان دانەخست

دایرەتولمەعارفی جیهانی ئەم ڕووداوە دژی ئینسانیەی بەم شێوەیە تۆمار کردووە

"پرسیار و وڵام لەوان لە مانگی خەرمانان و لە زیندانی گەوهەردەشتەوە دەستی پێکرد." ئایا تۆ موسڵمانی؟"، "ئایا باوەڕت بە بەهەشت و جەهەنەم هەیە؟"، "ئایا لە مانگی ڕەمەزاندا ڕۆژوو دەگری، ئایا قورئان دەخوێنی؟"، "ئایا پێت باشترە لەگەڵ موسڵمانێکدا هاوبەند بیت یان نا موسڵمانێک؟"، "ئایا ئامادەی کاغەزێک ئیمزا بکەی کە باوەڕت بە خودا، بە پێغەمبەر، بە قورئان و بە ڕۆژی قیامەت هەیە؟" و پڕ ماناتر لەوانەش:" ئایا لە بنەماڵەیەکدا گەورە بوویت کە باوک تێیدا نوێژی کردبێت، ڕۆژووی گرتبێت و قورئانی تێدا خوێندبێت؟"


تەنیا وڵامێکی "نا" بەم پرسیارانە دەیتوانی چارەنووسی کەسەکە بە ئێعدام کران یەکلایی بکاتەوە. سەبارەت بە پرسیاری ئاخر، وڵامی ئەرێنی پێی، بە واتای ئێعدام بوو لەبەر ئەوەی کە جەختی لەسەر "مورتەد بوونی" کەسەکە دەکرد. بەپێی یاسا و ڕێسای فێقهی، تەنیا کەسێک دەتوانێ وەک مورتەد بناسرێت کە لە بنەماڵەیەکی باوەڕمەند بە ئیسلام و لە سایەی باوکێکدا کە بەردەوام نوێژ و قورئانی خوێندوە و لە مانگی ڕەمەزاندا ڕۆژوی گرتوە پەروەردە بووبێت. ئەگەر کەسێک جەختی لەسەر موسڵمان بوونی خۆی بکردایەتەوە بەلام بیوتایە نوێژ ناکات تەنیا مەحکوم بە لێدانی شەلاق دەکرا. بۆ هەر وادەیەک نوێژ ١٠ زەربە شەلاق و ڕۆژانە ٥٠ زەربە شەلاق بوو

سەبارەت بە ژنانی کومونیست، بە حوکمی شەرع سەبارەت بە ژنی مورتەد "تۆبە یان مردن لەژێر شەلاقدا" وەک حوکم بەڕێوەچووە و لەم ڕووەوە ژنانی کومونیست یان لەژێر زەربەکانی شەلاقدا دەمردن یان موسڵمان دەبوون. زۆربەی ئەو قوربانیانە، دەورەی مەحکومیەتیان تەواو کردبوو و لە چاوەڕوانی ئازاد کراندا بوون. هۆکاری گیرانی زۆربەیان هێشتا ڕوون نەبووەوە و لە چاوەڕوانی بەناو تەفهیمی ئیتیهامدا بوون."

لە سەردەمی ئەم جەنایەتە خۆفناکەوە هەتا ئێستا جەنایەتکارانێکی وەک خامنەیی، ڕووحانی و ڕەفسەنجانی هەوڵیان داوە ڕۆڵی خۆیان لەم کۆشتارەدا تا ئاستی مەئموورانێکی مەعزوور کە مەجبوور بوون پەیڕەوی فەرمانی خومەینی بن، کەمڕەنگ بکەنەوە. ژمارەیەکی زۆر لە بازجویان و ئەشکەنجەگەران و مەقاماتی ئەمنیەتیی دەیەی ٦٠، دەستی خوێناویان شتەوە و جلی ڕۆژنامەوانی و ڕیفۆرمخوازییان کردە بەر تا ڕابردووی خۆیان لە دیدەی نەسلی تازە بشارنەوە

کوشتاری خوێناویی ساڵی ٦٧، ئازادیخوازیی بێناوەرۆک و دیفاعی درۆیینی ئیمپریالیستەکانی ڕۆژاوا لەئاست مافی مرۆڤی سەلماند. دەوڵەتانی ئەورووپا و ئەمریکا نەتەنها ئیعترازیان بەم کوشتارە نەکرد بەڵکوو بەنهێنی مۆری تەئیدیان لێدا. ئەم کارەساتە بێوێنەیە کە تێیدا هەزاران کەس لە زیندانییانی سیاسی لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگدا ئێعدام کران، تەنانەت لە میدیاکانی بەناو ئازادی دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکانیشدا ڕەنگدانەوەی نەبوو. لە ڕۆژانی موحاکماتی یەک دەقیقەیی و لەداردان و تیربارانکردنەکان، کۆبوونەوە و ڕێکەوتنی پشتی پەردەی دەوڵەتانی ئیمپریالیستیی ڕۆژاوا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەئارادابوو. دەوڵەتانی ئیمپریالیستی بەباشی لە ڕووداونی ئەم کارەساتە ئاگاداربوون. بەلام لەپێناو بەرژەوەندیان لە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی حمایەتیان کرد. ئەوان دوای ناچارکردنی سەرانی ڕژیم بە قەبووڵکردنی شکست لە شەڕی ئێران و عێراق و نۆشینی جامی ژەهر، بە حاکمانی ئێران ئەو چرا سەوزەیان دا کە بۆ ڕێگری لە ئاخێزی شۆڕشگێرانە و ئەمنکردنی ئێران لەپێناو چەوساندنەوە و تاڵانکارییەکانی سەرمایەداری جیهانی، دەتوانن دەست بۆ هەر جەنایەتێک بەرن. بەم هۆکارە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە مەکۆی نێونەتەوەیی دەسەڵاتەکانی سەرمایەدارییە لەئاست ئەم تاوانە خوێناوییە سیاسییە، بێدەنگ بوون و بەنهێنی مۆری تەئیدیان لێدا

لەو ڕۆژانەی سەرکوت و کوشتاردا، بۆ جارێکی تر ڕوون بووەوە کە لە دنیادا چ کەسانێک دۆست و هاوپەیمانی ڕاستەقینەی جەماوەری خەڵکی ئێرانن و کامە هێز لەناو ڕیزی دوژمنانیاندایە. لە بەرابەر بێدەنگی بەئەنقەستی دەوڵەتانی ئیمپریالیستیدا، ئەوە کۆمۆنستە شۆڕشگێڕەکانی جیهان بوون کە بوون بە دەنگی ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران و ئامانجی دژەئینسانی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانانی ئیمپریالیستیان لەقاودا



لەئێستادا کە ٣٧ ساڵ بەسەر کوشتاری تێکۆشەران و نەیارانی ڕژیم و هاوڕێیانی کۆمۆنیستی بەندکراومان تێدەپەڕێت، ڕژیمی جەنایەتکاری ئیسلامی لەگەڵ قەیرانی هەمەلایەنە بەرەوڕووە و لەژێر گوشاری ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری و درێژەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادایە. کوشتارێک کە حکوومەتی ئیسلامی لە ساڵی ١٣٦٧ بەئامانجی ڕێگری لە مەترسی ئاخێزی جەماوەری وەگیانهاتوو لە شەڕی وێرانگەڕی هەشت ساڵە ئەنجامی دا، لەئێستادا وەک داغی جەنایەتێکی نەنگین لەناوچاوانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دراوە. لەم ڕۆژانەدا یادی تێکۆشەران و کۆمۆنیستە خۆڕاگرەکانی ناو قەتڵگاکانی دەسەڵاتی ئیسلامی دەبێتە ئیلهامبەخشی درێژەدان بە خەباتمان. بێگومان سەرئەنجام ئەو ڕۆژە دێت کە سەرانی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە دادگای دادی خەڵکی ئازارچێشتوی ئێراندا بێنە بەردەم مێزی محاکەمە، ڕازی سەربە مۆری ئەو جەنایەتە بێ ئەژمارانەی ئەنجامیان داوە زیاتر ئاشکرا بێت و سزای شایستە و شیاوی خۆیان وەربگرن

❋❋❋

# ئاسۆی تێپەڕین لە ستراتێژی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی
# لە سەروبەندی ساڵیادی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینادا

پەسندکرانی حوکمی ئێعدامی شەریفە محەممەدی، چالاکی کرێکاری، بۆ جارێکی تر سرووشتی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی بە بیروڕای گشتی نیشاندا. ئەم حوکمە ڕاگەیاندنی شەڕێکی ئاشکرایە لەدژی بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان و باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، کە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەهێزەوە لە مەیداندا بوون. لە سەروبەندی ساڵوەگەڕی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینادا، کە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی جەماوەری ئێران لەدژی دەسەڵاتی سەرمایەداری ئیسلامی بوو، ڕژیم بە پەرەپێدانی سەرکوت و ئامرازی قەتڵی دەوڵەتی هەوڵ دەدات ڕەوتی چارەهەڵنەگری گەشەی ناڕەزایەتی کرێکاری و جەماوەری کۆنتڕۆڵ بکات



دژەشۆڕشی ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری لە ساڵی ١٣٥٧ەوە، بە سەرکوتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بە کوشتاری بەرینی شۆڕشگێڕان، نەزمی چینایەتی خۆی سەقامگیر کرد. لە دەیەی شەستەوە هەتا بە ئەمڕۆ، ئێعدام وەک قەتڵی حکوومەتی بەردەوام وەک ئامرازێک بۆ پێکهێنانی ترس و وەحشەت لە کۆمەڵگادا بەکار هاتووە. شەریفە محەممەدی، ئاشنا لەگەڵ دەستی قەڵەشیو و ڕەنجی باوکی زەحمەتکێشی، نوێنەری هەزاران ژن، کرێکار و چالاکی کۆمەڵایەتییە کە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات دژبە هەژاری، هەڵاواردن و نابەرابەری و سەرکوت تێدەکۆشن. دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ شەریفە هەوڵێکە بۆ چاوترسێن کردنی بزووتنەوەی ژنان. واتە هەر ئەو بزووتنەوەیەی کە لە ئاخێزی ژینادا بە ڕوونی پەیوەندی خۆی لەگەڵ داخوازی ئازادیخوازانە و بەرابەری تەڵەبانەی توێژە بەشمەینەتەکانی دیکەی کۆمەڵگا نیشاندا.

ئاخێزی ژن، ژیان، ئازادی کە بە قەتڵی حکوومەتی ژینا ئەمنی دەستپێکرد، خاڵێکی وەرچەرخان لە خەباتی جەماوەر دژبە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بوو. ئەم بزووتنەوەیە هەژمۆنی ترسی شکاند و دەرفەتی نوێی بۆ پێکهێنانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان فەراهەم کرد. دروشمی سەرەتایی ژن، ژیان، ئازادی، داخوازی بەشێکی بەرین لە خەڵک بوو کە بەهۆی سیاسەتی دژەژنی کۆماری ئیسلامی، بەهۆی نەبوونی ئازادی سیاسی و تاکەکەسی و بەخاتری بێبەش بوون لە پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان وەگیان هاتبوون. ئەو ئاخێزە نیشانیدا کە کۆماری ئیسلامی لە قەیرانی مەشرووعییەتدا گرفتارە و بە هیچ ڕێفۆرمێک ناتوانێ هۆگرایەتی و متمانەی گشتی بەدەست بێنێت. هەر بۆیە ڕژیم لە وڵامدا، توندوتیژی بێسنوور، ئێعدام و کوشتار دەگرێتە بەر. کە بێگومان ئەوەش خۆی نیشانەی داماوییە نەک هێز و دەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامی

لەماوەی حەفتەکانی ڕابردوودا، مانگرتنە کرێکارییەکان لە ناوەندەکانی سەنعەتی نەوت، پێتڕۆشیمی، درێژەی خەباتی خانەنشینان و مامۆستایان نیشانیدا کە سەرەڕای پەرەپێدانی سەرکوت، خەبات و خۆڕاگری لە قووڵایی کۆمەڵگادا ڕیشەی داکوتاوە. ژنان هەروا بەردەوام لە بەرامبەر حیجابی ئیجباریدا دەوەستنەوە و سیمای شارەکانیان گۆڕیوە. هەروەها ئیعترازاتی بەرینی خەڵک لە شارە جۆراوجۆرەکان لەدژی برانی ئاو و بەرق نیشانیدا کە ناڕەزایەتی گشتی ئیتر تەنیا بە چینی کرێکار یان بە خەبات لەدژی حیجابی ئیجباری سنووردار نابێتەوە. بەڵکوو توێژە بێبەشەکانی دیکەی کۆمەڵگاش بۆ وەدیهێنانی داخوازییە سەرەتاییەکانی ژیان، ئەم ناڕەزایەتییە زیاتر گەشە پێدەدەن. خەڵک لە گەرمای بەتین و لە بارودۆخێکدا کە گرانی و هەژاری سێبەری بەسەر ژیانیاندا کێشاوە، بە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی خۆیان نیشانیاندا کە چیتر ناکارامەیی و گەندەڵی حکوومەتی ئیسلامییان بۆ تەحەمول ناکرێت. ئەم ئیعترازاتە سەرتاسەرییە ئاڵقەیەک لە هەمان زنجیری موقاوەمەت و خۆڕاگرییە کە ئاخێزی ژینا بە ئەمڕۆوە پەیوەند دەدات

دەسەڵات، لەلایەکەوە بۆ مانەوەی خۆی سەرکوتی پەرەپێداوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە دەزانێ کە هەر ئێعدامێک، هەر قەتڵێکی دەوڵەتی دەتوانێ شەپۆلێکی تازە لە تووڕەیی و ئیعترازی شۆڕشگێڕانە پێکبێنێت و بەستێنی تێپەڕین لە ستراتێژی سەرکوت فەراهەم بکات. ئەمە پارادۆکسێکی مەرگبارە کە ڕژیم بەرەوڕووی بووەتەوە. هەرچی زیاتر سەرکوت بکات، تووڕەیی پەنگخواردووی خەڵک و ئەگەری هەڵچوونی زیاتر دەبێت. لە جەرگەی ئەم بارودۆخەدا، بزووتنەوەکانی وەک سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام گرینگییەکی سیاسی تایبەت پەیدا دەکەن. ئەم هەڵمەتە، مەیدانێکە بۆ پێکهێنانی هاوپشتی سەرتاسەری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا. لەگەڵ هەر سێشەممەیەکی ئەم کەمپەینە، پەردەیەکی دیکە لە ڕوخساری خوێنڕێژی ئەم ڕژیمە لادەدرێت و هاوکات ئەو پەیامە بۆ کۆمەڵگا دەنێردرێ کە خەبات دژبە ئێعدام و خەبات بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسی بەشێکی دانەبڕاوە لە خەبات لەدژی گشت دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی

پێویستیی پشتیوانی بەرین و ڕێکخراو لەم کەمپەینە، لەئێستادا زیاتر لە هەموو کاتێکی تر هەستی پێدەکرێت. کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام بە نۆبەی خۆی دەتوانێ ببێتە پردێک بۆ پەیوەندانی بزووتنەوە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم کەمپەینە ئەگەر بەشێوەی سەرتاسەری و هاوئاهەنگ بەڕێوەبچێت، دەتوانێ هەم لەئاستی ناوخۆییدا هێزێکی تازە بە خەبات و خۆڕاگری جەماوەر ببەخشێت و هەم لەئاستی جیهانیشدا دەنگی خەڵکی ئێران دژبە ماشێنی کوشتاری کۆماری ئیسلامی بەرزتر بکاتەوە. ئەزموونی ئاخێزی ژینا نیشانیدا کە بە بێ ڕێکخستنی هوشیارانە و سەرتاسەری، هێزی مەزنی جەماوەر یان سەرکوت دەکرێت یان بەلاڕێدا دەبردرێت. ئەرکی هەڵسووڕاوانی ڕادیکاڵ و سۆسیالیست لەئێستادا پەرەپێدان بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان و کۆمەک بە ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوانەیە، تا بتوانن ئیعترازاتی پرژوبڵاو بکەنە بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری و ڕێکخراو. لەم پێناوەدا، پشتیوانی جیددی لە کەمپەینی نا بۆ ئێعدام دەبێ ببێتە بەشێک لە ئەرکی هەموو بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکان



هێزی بزووتنەوەی ژینا لەوەدا بوو کە توانی بزووتنەوەی ژنان لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لەدژی هەڵاواردن و نابەرابەریدا بەیەکەوە پەیوەند بدات. ئەم پەیوەندییە دەبێ قووڵتر بێتەوە. خەبات لەدژی حیجابی زۆرەملێ و ستەمی جنسیەتی دەبێ لەگەڵ خەبات لەدژی چەوساندنەوەی سەرمایەداری و هەژاریی ئابووری ئاوێتە بکرێت. تەنیا لەم هاوپشتییە چینایەتی جنسیەتییەدایە کە دەتوانین ئاڵترناتیڤێکی ڕاستەقینە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی دابنێین. بزووتنەوەی ئێستا تەنیا بە ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و بە تێکەوەپێچانی دامەزراوە ئابووری و سیاسییەکانی، دەتوانێ بە ئاکام بگات. هەرجۆرە ئومێد بەستنێک بە تێپەڕینی ئارام و بەشێنەیی، وەهەم و خۆشباوەڕییەکی مەترسیدارە کە تەنیا خزمەت بە مانەوەی نەزمی ئێستا دەکات.

ئەرکی مێژووییمان ڕوونە. پەرەپێدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان لە کۆمەڵگا، کۆمەک بە سازماندانی ئەم بزووتنەوانە، یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێبەری سەرتاسەری لە ڕێگەی پەیوەندانی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، جێگیرکردنی ئەم پەیوەندیانە. لەم ڕێگەیەوە پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی، گۆڕانکاری ئابووری و کۆمەڵایەتیی بنەڕەتی و ئاڵوگۆڕی سۆسیالیستی دێتە دی

❊❊❊

# بزووتنەوەی هاوپشتی لەگەڵ مامۆستایانی دەرکراو لە کوردستان پەرەپێبدەین

لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا کارگێڕانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە وەزارەتی پەروەردە، حوکمی دەرکردن، دوورخستنەوە و خانەنشینکردنی زۆرەملێیان بۆ کۆمەڵێک لە مامۆستایانی کوردستان دەرکرد. ئەم حوکمانە نەک هەر هێرشێکی ئاشکرایە بۆسەر مافی هەزاران مامۆستا، بەڵکوو نیشانەیەکی روون لە داماویی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییە. حکوومەتێک کە ساڵەهایە لە دابینکردنی پێداویستییە سەرتاییەکانی خەڵک، لە بەرق و ئاوەوە هەتا پەروەردە و تەندروستی، بێتوانایە و تەنیا ڕێگای ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی پەنابردن بۆ ئامرازی سەرکوتە. بەڵام ئەم سەرکوتە لەدژی مامۆستایانێک بەڕێوەدەچێت کە ئەرکی پەروەردە کردنی نەسلی داهاتوویان لەئەستۆیە و لەڕێگەی خوێندکارانەوە لەگەڵ بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا پەیوەندییان هەیە



لە نیزامی سەرمایەداریدا و بەتایبەت لەژێر دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا، وەزارەتی پەروردە ناوەندێکی بێ لایەن نییە. بەڵکوو ئامرازی بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار و ئیدئۆلۆژی دەسەڵاتە. هەر لە سەردەمی منداڵییەوە، خوێندنگا منداڵان فێری ئیتاعەت و قەبووڵ کردنی ئیقتدار دەکات. ئەوان نەک بۆ پشکوتنی ئازادانەی تواناکانیان بەڵکوو بۆ چوونە ناو بازاڕی کار ئامادە دەکات. لەڕاستیدا خوێندگا لە نەزمی بورژوازیدا بەشێک لە دەزگای ئیدئۆلۆژیکی دەسەڵاتە. مامۆستا لەم نیزامەدا لە پێگەی کرێکاری فکریدایە. ئەویش هێزی کاری خۆی لەبەرابەر حقووقێکی زۆر کەمدا دەفرۆشێ و لە واقعدا بەشێک لە چینی کرێکارە و لەژێر چەوسانەوەدایە. حەقووقی کەم، قەراردادی کاتی، نەبوونی ئەمنیەتی پیشە و سەرکوتی سیاسی، ئەو موسیبەت و نەهامەتییانەن کە بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکاری ئێران لەگەڵی دەست و پەنجە نەرم دەکات

سیستمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی دەیان ساڵە لە قەیراندایە. کەسری بوودجەی بەرین، کەمبوونی مامۆستا، مەدرەسەی کۆنە و پرتووکاو، نەبوونی ئیمکاناتی پەروردە، بەکاڵاکردنی پرۆسەی پەروەردە، هەر هەموویان نیشانەکانی ئەم قەیرانەن. بەتایبەتکردن و سپاردنی خوێندنگاکان بە بازاڕی ئازاد بووەتە هۆی ئەوەیکە کوالیتیی پەروەردە بە پێی داهاتی بنەماڵەکان بێت و لەم ڕووەوە بواری پەروردە زیاتر لە ڕابردوو چینایەتی بووەتەوە. لە وەها بارودۆخێکدا، ئاساییە کە مامۆستایان و خوێندکاران لە ڕیزی پێشەوەی بزووتنەوە نارەزایەتییەکاندا بن

لەسەر ئەم بەستێنە، ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایانی کوردستان لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا یەکێک لە ڕێکخراوە چالاکەکان لە بواری دیفاع لە مافی مامۆستایان و خوێندکاران بووە. ئەم ئەنجومەنە گەلێک جار بەهای داوە، ئەندامانی دەستبەسەر کراون و هەڕەشەیان لێکراوە، بەڵام بەردەوام وەک دەنگی سەربەخۆی مامۆستایان چالاکییەکانی درێژەداوە. دەرکردنی ئەحکامی ئەم دواییە دروست بەخاتری لێبڕاوبوونی ئەم ڕێکخراوە لە دیفاع لە مافی مامۆستایان و خوێندکاران بووە. ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی دەیانهەوێ بە دەرکردنی ئەم حوکمانە، بە پەروەندەسازی و دەرکردن، ئەم سەنگەرەی خەباتی مامۆستایان تێکبشکێنن

بۆ مامۆستایانی کوردستان، ئەم سەرکوتە دوو بەرابەرە. ئەوان نە نەتەنیا وەک کرێکار لەژێر چەوساندنەوەی سەرمایەداریدان، بەڵکوو وەک بەشێک لە خەڵکی کوردستان کە لە ستەمی نەتەوەیی ڕەنج دەبەن، دەکرێنە ئامانجی سەرکوت. ئەوان بەپێی سیاسەتی شۆڤینیستی کۆماری ئیسلامی مافی ئەوەیان نییە و ناتوانن بە زمانی دایک لە مەدرەسەکان دەرس بڵێنەوە و ڕێکخراوەکانیان نایاسایی ڕادەگەیەندرێت. ئیعترازاتیان بە لێدانی تۆمەتی ئەمنیەتی، سەرکوت دەکرێت. هۆکاری سەرەکی سەرکوتی ئەنجومەنی مامۆستایان نەک هەر نارەزایەتی پیشەیی، بەڵکوو بەخاتری ئەو ئیمکانەیە کە ببنە پێشەنگێک بۆ ڕێکخستنی بەرینتر. سەرانی ڕژیمی ئیسلامی باش دەزانن کە یەکگرتوویی مامۆستایان، کرێکاران، خانەنشینان و خوێندکاران دەتوانێ ببێتە هێزێکی کۆنترۆڵ نەکراو لەدژی گشت نیزامی سەرمایەداری

لە کاتێکدا کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە قەیرانێکی هەمەلایەنەدا گرفتارە و ڕەوتی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی دەمێکە دەستیپێکردووە و پایەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەبەر چاوی خەڵک یەک لە دوای یەک تێکدەشکێن. لە کاتێکدا کە قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و پرتووکاوی و وێرانی ژێرخانەکانی بەرهەمهێنان و گەیاندنی وزە و گرانی بەرین، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەجۆرێک داماو کردووە کە توانای دابینکردنی نان و ئاو، بەرق و هەوای سالمی نییە. لە وەها بارودۆخێکدا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی خەباتی ڕێکخراوی مامۆستایان لەئاستی سەرتاسەریدا بە هەڕەشەیەکی سیاسی لەدژی خۆی دەزانێت. بزووتنەوەی مامۆستایان تەنیا کاتێک دەتوانێ پێشڕەویی خۆی زەمانەت بکات کە بۆ جارێکی تر لەگەڵ بەشەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک بزووتنەوەی ژنان لەدژی ستەمی جنسیەتی، خوێندکاران لەدژی سەرکوتی سیاسی و خانەنشینان لەدژی هەژاری، پەیوەندییەکانی خۆی پەرەپێبدات.

دەرکردنی ئەحکامی ئێعدام لەدژی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، سەرکوتی مامۆستایانی کوردستان بەشێک لە ستراتێژی ڕژیم بۆ کپ کردنی هەر دەنگێکی ناڕازی و ڕێکخراوە. بەڵام ئەزموون نیشانی داوە کە هیچ سەرکوتێک




توانای لەناوبردنی بزووتنەوەی چینایەتی نییە. ئەمڕۆ خواستی هەڵوەشاندنەوەی ئەحکامی دەرکراو لەدژی مامۆستایانی کوردستان بووەتە خواستێکی مامۆستایانی سەرتاسەری ئێران

ڕۆژی هەینی ٧ی مانگی خەرمانانی ١٤٠٤، لە وڵام بە بانگەوازی "کۆمیتەی جەماوەریی پشتیوانی لە مامۆستایانی دەرکراوی کوردستان"، سەدان کەس لە خەڵکی تێکۆشەری شاری سنە بە ڕێپێوان بەرەو ئاویەر، دەرکردنی مامۆستایانیان مەحکووم کرد و خوازیاری گەڕاندنەوەی دەستبەجێیان بۆسەر کارەکانیان بوون. بەشداریی بەرینی خەڵک و شیعاری ڕەسای "کرێکار، مامۆستا، خوێندکار، یەکگرن یەکگرن" و "مامۆستای بەندکراو دەبێ ئازاد بکرێ"، نیشانەی ئەوەیە کە بزووتنەوەی هاوپشتی لەگەڵ مامۆستایان دەتوانێ ببێتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری و سەرتاسەری لە کوردستان. پێویستە بزووتنەوەی هاوپشتی لەگەڵ مامۆستایانی دەرکراو لە کوردستان پەرەپێبدەین

❊❊❊

**بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان**


# شێعر

## " دایە "

دایە ئێستاش کە گەورەم و
ڕێبوارێکی ڕێگای دووری بەرەو خۆر چوون
تامی شیری مەمکەکانت
هەموو شەوێ بۆنی خۆشی زولفەکانت
دەم دەخەنە بیر و هەستم.
دایە ئێستاش چاک لە بیرمە
ئەو دەمەی وا مۆتەکەی زۆر
سەربازی ڕەش
ڕۆڵەی گرتی و بۆ بەندی برد
قیژاندت و هاوارت کرد
ئەویش فیدای نیشتمانم،
لە مەمکمدا ئەپەروێنم هەزار خەنجەر
هەزاران گوڵ کە شەیدا بن بە مانگ و خۆر.
سینەم دەکەم بە لانکەیە بۆ ئەستێرە
ڕۆشنتر بێ لە بریقەی سەرە نێزە
مۆتەکەی زۆر بە نوور کوێر کەن
ئاور بەردەن لە شوێنگەی ڕەش
پشکۆ بە سەر تاریکیدا ببارێنن.
لە بیرم دێ کە قیژاندت
لەشم دەکەم بە مەڵبەندی ژان و برین
چاوگی زام لە سینەما دەروێنم
تا لە ژانا، لە ژانی دوا لێوە بوونا
کۆرپەی بێ کۆت لە داوێنا
بلاوێنم.
دایە ئێستاش یادەکانت
شەوە و هاڵ و مۆتەکەی زۆر پێش چاو ئەخەن
بۆیە شەیدای خۆر و لێزگی تیشکم
بۆیە هەڵدێر و شەوە زەنگیش بەرم ناگرن
ئەڕۆم هەتا خونچەی خۆزگەکانت
لە ئاسۆدا، لە نێو باغی ئەستێرەدا بە گوڵ بکەم
ئەڕۆم، تا ئاواتی سەر لێوی سیس و ژاکاوت
بێنمە فرین، بەرەو لای ژین.
لە پەڵکە زێڕینەی بەهارا، دەستی یەک بگرین و
بە زستانی ڕەش پێ بکەنین
یا بە بزمار لە بەندێکا دابکوترێم
ئەوسا چاوگی ژان و برین
خەنجەرێ تر بێنێتە دی
با بزانن تا خۆر هەبێ و جوانی و ئەوین
ئەم ڕێگایە لێی نابڕێ ڕێبواری ژین.

**" جلیل ئازادیخواه "**

❊❊❊




**کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :**

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دووپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دووپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دووپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

پێشـــــــــڕەو
ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات
representation.of.komala@gmail.com

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب

international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧